# زمان و بوون لە فەلسەفەی هایدێگەردا

پ.ی.د. حسن حسين صديق          م.ی. ئارام قادر صابر

زانكۆی ڕاپەڕین
فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتیەكان
بەشی فەلسەفە

**پوختەی توێژینەوە**

لە فەلسەفەی هایدێگەردا، زمان ماڵی بوون و شوێنی گیرسانەوەی مرۆڤە. بەڵام زمان هەمان ئەو تێگەیشتنەی نییە وەك لای فەیلسوفانی شرۆڤەیی یان زمانەوانان هەیە، بەڵكو زمان دەرخەری بوون و بنەڕەتێكە لە بنەڕەتەكانی بوونی دازاین. زمان توانستێكە دازاین لە زێدێك نیشتەجێدەكات كە شیمانەكانی بوونی بۆ دەستەبەر دەكات. نەك ئەو رووكەشەی كە بە ناوی رێزمان و رێساكانی گوتنەوە زمانەوانانی خەریككردووە، زمان لەوە بنەڕەتیترە كە بە تەنها رێزمان و زمانەوانی بتوانن تێیبگەن، لەبەرئەوە هایدێگەر پەنا دەباتە بەر قوڵایی دیاردەی زمان و دەیەوێت لە رێگەی هێرمیونیتیكەوە ئەم كێشەیە ئاوەڵا بكات.

ئەم توێژینەوەیە، دەخوازێت پەیوەندی نێوان زمان و بوون لە فەلسەفە بوونگەرییەكەی هایدێگەردا بخاتە بەرباس. تا بزانین هایدێگەر چۆن بە ڕێگەی زمانەوە بوون مسۆگەر دەكات و میتۆدە فینۆمینۆلۆجییە هێرمیونیتیكییەكەی لە راڤە و تێگەیشتنی دازایندا بەكاردێنێت، هەروەها زمان لە بوون-پێداندا چ رۆڵێكی ئۆنتۆلۆجی دەگێڕێت و چۆن لە گوتندا حەقیقەتی بوون بۆ دازاین ئاشكرا دەبێت. هەروەها زمان ترسناكترین نیعمەتێكە كە مرۆڤ دراوە، لە كوێدا دەبێتە چاكترین بەهرە و لە كوێدا مەترسییەكانی بەسەر مرۆڤەوە دەردەكەون، بێگومان ئەو مەترسییە گەورانەی كە ئابلۆقەی بوون دەدەن و ئەو نیعمەتانەشی بوون ئاوەڵا دەكەن.

## پێشەكی

توێژینەوە لە زمان لە روانگەی فەلسەفەی بوونگەراییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونكە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوە، لەبەر ئەوەی زمان وەك ماڵی بوون و شوێنی گیرسانەوەی مرۆڤ دادەنێت. بۆیە توێژینەوەكە تایبەتە بە بۆچوون و هەڵویستی فەیلەسوفی بوونگەرا "مارتین هایدیگەر" لەسەر پەیوەندی نێوان "زمان و بوون" و رۆڵی زمان لە دەرخستنی حەقیقەتی مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی قسەكەر. كە بە بڕوای مارتن هایدێگەر، مرۆڤ بۆ نێو پێش-بوونێك فڕێدراوە، كە زمانە. هەروەها بوونی دازاین لە ماڵی زماندا نیشتەجێیە و لەسەر بوونی زمان وەستاوە. زمانیش تەنها ئامرازێك نییە بۆ مرۆڤ و دەربڕین و تێگەیشتنەكانی، بەڵكو مرۆڤ لەناو زماندا دەهزرێت و دەژیت.

ئامانجی ئێمە بریتیە لەوەی بزانین "هایدگەر" چۆن باسی لە گرنگی "زمان" کردووە وەك بنەرەتی بوون و ڕۆڵی زمان لەوەی کە چۆن ئەو بوونە دیاریدەکات. هەروەها ڕاڤەکردنی زمان وەكماڵی بوون لە هێرمیونیتیکی هایدێگەردا.

**گرنگی توێژینەوە:**

بایەخ و گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە نیشاندانی پەیوەندی نێوان " زمان و بوون" بە تایبەت (بوونی مرۆڤ) دەخاتەڕوو، بەوەی کە "بوونی مرۆڤ" وەك دیاردەیەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕۆڵی زمان دەگەڕێتەوە و ئەوە زمانە ئەو بوونە ئۆنتۆلۆجییە بە مرۆڤ دەبەخشێت لە ڕێگای گوتن و پەیڤینەوە.

**گریمانە و گرفتی توێژینەوە:**

گرفت و گریمانەی توێژینەوەکە بریتیە لەوەی ئایا "زمان و بوون" هیچ پەیوەندیان بە یەکەوە هەیە؟ بوونی مرۆڤ وەك دیاردەیەکی ئونتۆلۆژی تا چەند پەیوەستە بە زمانەوە؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ بوونیکی شایستە بە خۆی بدات بە بێ ڕۆڵی زمان؟ مەبەستی "هایدگەر" چییە؟ کاتێ دەڵێت : "زمان ماڵی بوونە"؟ ئایا چۆن لەو ماڵە تێبگەین و ڕاڤەی بکەین کە دازاین تێیدا گیرساوەتەوە؟

**مێتودی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەدا مێتودی "وەسفی و شیکاری و فینومینولۆژی" مان بەکارهێناوە بۆ شرۆڤەکردنی بۆچوونەکانی "مارتین هایدیگەر" لەسەر پەیوەندی نێوان "زمان و بوون".

**پلانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لە دوو بەش و چەند باس و تەوەرێك پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی "زمان و مێتود" تیادا لە دوو باس و چوار تەوەردا واتای زمان و پەیوەندی بە تیگەی "لۆگوس"ەوە و ڕۆڵی زمانیش لە دیاریکردنی بووندا شرۆڤەی بو کراوە، هەروەها ئاماژە بە مێتودەکانی " فینومینولۆژی"و " هێرمونیتیك" کراوە کە هایدگەر بو دۆزینەوەی واتای ژیان و بوون، هەروەها دیاریکردنی حەقیقەتی بوونی مرۆڤ وەك فاکتێك پشتی پێ بەستوون. لە بەشی دووەمیشدا بە ناونیشانی "زمانی بوون" کە لە دوو باس و چوار تەوەر پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا "زمان و بنەڕەتی بوون" و لە تەوەری یەکەمیدا باس لە "زەمینەی ئۆنتۆلۆجی" و لە تەوەری دووەمدا باس " دازاین لە زێدی زماندا" کراوە، هەروەها لە باسی دووەمدا لە ژێر ناونیشانی "گوتن و حەقیقەت" کە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە باس لە "گوتن و بێدەنگی" و "چەنەبازی" کراوە لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە.

## بەشی یەکەم: زمان و میتۆد

### باسی یەکەم: ڕەچەڵەکناسی زاراوە

### تەوەری یەکەم: زمان و لۆگۆس

فەلسەفە بوونگەرییەکەی مارتین هایدێگەر (١٨٩٩-١٩٧٦) ڕووەو زمان وەردەچەرخێت وماڵێك بۆ بوون کەشف دەکات. بەڵام هایدێگەر وەك دیاردەیەکی مرۆیی بایەخ بە زمان دەدات، نەك بە بونیادە نێوخۆییەکانی زمان و پەیوەندی بە شتێکی دیکەوە، (وەك ئەوەی لە فەلسەفەی زمان شرۆڤەیی-دا دەبینرێت کە بایەخ بە بونیادە لۆجیکییە نێوەکییەکانی زمان و پەیوەندی نێوان زمان و جیهانی دەرەوە دەدەن و پەیوەندییە ئاماژەییەکانی زمان دەخەنە بەر شرۆڤە، لەوەدا کە چۆن وشەیەك یان دەستەواژەیەك واتای شتێك یان فاکتێك دەبەخشێت و ئاماژە بۆ شتێك دەکات، لەمەشەوە چۆن وشە و دەستەواژەکان واتا دەبەخشن و بەهاکانیان لە نێوان دروستی و نادروستیدا دەردەخەن). لێرەوە، هایدێگەر ڕوودەکاتە واژەی دەربڕدراو، پەیف و گوتە و قسە وەك دیاردەیەکی تەواو مرۆیی، نەك لۆجیکی. زمان یان پەیف خەسڵەتی بوونگەرایانەی مرۆڤ و توانستێکی بنەڕەتی بوونە (کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٠٧، ٢٢٩)، زمان لای هایدێگەر دەبێتە پەیف (Sprache)، لەمەوە زمان دەدوێت نەك مرۆڤ، ئەمە دیدێکی ئۆنتۆلۆجیانەیە کە هایدێگەر ئاراستەی زمانی دەکاتەوە، بەمەش مرۆڤ دەتوانێ لە ماڵی زمانەوە گوزارشت لە بوونی خۆی بکات. لەم ماڵەوە بڕوانێتە واقیع و کەشفی بکات، زمان نەکات بە ئامرازێك کە وێنەی واقیعی پێ بگرێت.

هزری فەلسەفیی گریکیی، مرۆڤی وەك زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتیی و پەیڤەر (قسەکەر) پێناسەکردووە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ 'لۆگۆس' (Logos) وەك ڕەهەندێکی تایبەتی مرۆڤانە. هەروەها پلاتۆن واژەی دیالێکتیك بە فەلسەفە دەبەخشێت کە هایدێگەر بۆ پەیوەندی نێوان ڕەگەزە باڵاکان و تێگەیشتن بەکاریدەهێنێت و ئەمەش لە دەرسگوتارەکانی زستانی ١٩٢٤ و ١٩٢٥دا باسکردووە (داستور، ٢٠٠٢، ٤٢).

لۆگۆس لە گریکی کۆندا واتای گوتن و هەروەها دەرخستنیش دەگەیەنێت (کۆمەڵێك نووسەر، ٢٠٠٧، ٥٤). هەروەها لۆگۆس بە واتای دانان (لە نزیك شتێکەوە) بووە کە لە کرداری (Legen) وەرگیراوە. هەروەها کرداری (Sagen) لە (Legen)ەوە دەردەکێشرێت کە واتای گوتن یان هەڵگرتنی شتێك لە گووتندا یان (هەڵگرتنی شت/هەبوو بۆ زمان) دەدات، هەروەها وەك لای گریکییەکان لۆگۆس بریتییە لە دانەپۆشراویی (Aletheia) حەقیقەتی بوون و ئەو ڕۆشناییەی کە بە ڕێگەی قسە و گوتنەوە دەپەخشێت، بە تایبەت لەلای هیراکلیتس (مهنانە، ٢٠١٣، ١٣٢). بەڵام لۆگۆس بۆ هایدێگەر: "ماهییەتی زمان بینا دەکات، بە گوزارشتێك ئەو مەیدانی بنەڕەت و قوڵایی دازاینی مێژوویی مرۆڤە لە نێوەندی هەموو هەبووەکاندا" (مهنانە، ٢٠١٣، ١٣٣). ئەمەش بۆ هایدێگەر تێگەیشتنە لە زمان وەك دەرخەر و هێزی نیشاندان، نەك ئامرازێك کە مرۆڤ لە ئەرك و بەکارهێنانیدا واتای پێبدات، بەمەش زمان لە فەلسەفە و میتۆدی فینۆمینۆلۆجیدا نەك تەنها گەڕانەوەیە بۆ لای شتەکان خۆیان، بەڵکو دەرخەری شتەکان وەك ئەوەی کە هەن. هەروەها، لۆگۆس-یش پەیوەندی ڕەسەنی نێوان زمان و دازاین لە بەیانکردن و هەڵدانەوەی حەقیقەتی بوون و هەبووەکان دەردەخات.

هایدێگەر هەر لە سەرەتای 'بوون و کات'ەوە ئەوە یەکلا دەکاتەوە کە لۆگۆس ئەوەیە کە "ڕێگە بە شتێك دەدات تاکو ببینرێت، ئەو شتەش ئەوەیە کە باس دەکرێت (لەبارەیەوە دەگوترێت)" (هەمان، ٧٧)، بەڵام باسکردن و گوتنێك کە دەرخەر نین، وەك داواکردن، لە کاتێکدا دەبێت گوتنی دەرخەر دەنگدار بێت و لەو دەنگەوە شتێك

پەیدا بێت، واتا لۆگۆس تەنها گوتن نییە، بەڵکو شتێکیشە کە لە گوتنەکەدایە (هەمان، ٧٩). هەرچەندە هایدێگەر رەخنە لەو زمانە دەگرێت کە بە رێگەی لۆجیکەوە لە فۆرمی بڕیار (Proposition) دا دەردەبڕدرێت و رووداوەکاتە زانیاری و بەهاکان و وەك ئامرازێك بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستێکی دیکە. لەبری ئەوە هایدێگەر 'زمانی بوون' پێشنیازدەکات کە زمانی حەقیقەت و خۆبەیانکارە، لە کاتێکدا زمانی بڕیار لەلایەن کەسێکەوە لەبارەی شتێك بڕیار و حوکم دەدرێت، زمانی بە ئامرازکراو حەقیقەتی بوون فەرامۆش دەکات و زمانی بوون لەیاد دەکات، ئەمەش گرفتە گەورەکەی هایدێگەرە کە پرسیاری بوون لە بیر دەباتەوە (جەلال، ٢٠١٢، ١٦٤). کەواتە لۆگۆس بەیانکار و دەرخەرە، زمانی بوونی لێوە هاتووە، بەڵام زمانی گەیاندنی زانیاری داپۆشەرە و لە لۆگۆسەوە سەرچاوە ناگرێت.

هایدێگەر، لە گوتاری (هێگڵ و گریکییەکان) دا، واژەی 'لۆگۆس' لە هیراکلیتۆسەوە وەردەگرێت. لۆگۆس بۆ هیراکلیتۆس زاراوەیەکی بنەڕەتییە، کە رێگە دەدات سەرجەم بوونەوەر و شتەکان وەك ئەوەی کە هەن دەربکەون و نیشانبدرێن، هەروەها وەك ناوێك بەکاری هێناوە بۆ بوونی بوونەوەر. کەواتە هایدێگەر بە گێڕانەوەی واژەی زمان بۆ رەچەڵەکی لۆگۆس، دەیەوێت ئەرکی زمان و پێگە بنەڕەتییەکەی لە بوون-دا دیاریبکات، تا ئەو رادەیەی وەك بنەڕەتی بوون بیناسێنێت و ئەرکە ئۆنتۆلۆجییەکەی بناسێنێت کە فەیلەسوفانی زمان لەبیریان کردووە.

هایدێگەر، لە خوێندنەوەی کولتوری گریکەوە، سەرنجمان بە بابەتێك رادەکێشێت کە پەیوەستە بە زمانەوە. لە تێڕوانینی ئەودا، گریکییەکان ژیانی رۆژانەیان بە گفتوگۆ لەگەڵ یەکدیدا بەسەربردووە. وەك ئەوەی بڵێین شێوەژیانێکی دازاین لەتەك-ئەوانیدیدا بریتییە لە گفتوگۆ یان گوتن و بیستن. هەروەها ئەو دەڵێت گریکییەکان دوو پێناسەیان بۆ مرۆڤ هەبووە: ''مرۆڤ ئاژەڵێکی پەیڤەرە ' و ''مرۆڤ ئاژەڵێکی ژیرە ' بەڵام ئەو بە کاریگەری یەك پێناسە دەبێژێت ''مرۆڤ خۆی بە بوونەوەرێکی گوتەبێژ دادەنێت ' (هایدێگەر، ٢٠١٣، ٢٤١). هاوکات، گوتن تەنها دەنگ نییە، بەڵکو گوتن و گوتار کلیلی دۆزینەوەی خود و جیهانن.

ئەرکی لۆگۆس دەرخستنی شتێکە لە نێو پەیڤ و گوتندا و رێگەدانە بە شتێك تا ببینرێت، ئەو شتەی کە دیالۆگ و قسەوباسی لەبارەوە دەکرێت و دەخرێتە پەیوەندییەوە، بەڵام هەموو قسەیەك واتای دەرخستنی شتێك ناگەیەنێت، ئەو پەیڤ و گوتانەی دەرخەرن ئەوا لۆگۆسن (هایدێگەر، ٢٠١٣، ٧٧-٧٨). ئامانجی هایدێگەر لە دەرخستن و بینینی فێنۆمێن لە پەیوەندی نێوان لۆگۆس و فێنۆمێندا، بریتییە لە دانانی میتۆدی فینۆمینۆلۆجی وەك دەرخەری شتەکان وەك ئەوەی کە هەن و مەبەستێکی پێشوەختی نییە لەبارەی دیاردەیەکەوە تا سەبجێکتیڤیانە و دەروونگەرایانە بیناسێنێت.

گوتن دەرخستنی شتێکە وەك ئەوەی کە هەیە، وەك چۆن فینۆمینۆلۆجی گەڕانەوەیە بۆ لای شتەکان خۆیان، زمانیش ئەوە دەڵێت کە هەیە. واتا "گوتن دەربڕینێکی زمانی نییە کە درابێتە پاڵ دیارخراوەکان دوای دەرخستنیان، بەڵکو هەموو دەرکەوتنێکی درەوشاوە و هەموو ئەوەی کە شاراوەیە، لە زماندا دامەزراون" (Heidegger, ١٩٧١, ١٢٦). کەواتە کاتێك هایدێگەر زمان لە لۆگۆسەوە وەردەگرێت، لۆگۆسێك کە دەربڕ و بەیانکەرە و شتێك دەردەخات، لەمەوە گوتن دەبێتە دەرخستن، دەرخستنی بوونی شتێك. زمان کە ماڵی بوونە، بوونی هەر شتێك لە وشەکانیدا نیشتەجێدەکات، بە واتایەکی دیکە بوون لە دەڤ زمان و لەناو زمان و واژەکانیدا گیرساوەتەوە.

زمان تەنها ئامرازێك نییە وەك ئامرازەكانی دیكەی مرۆڤ، بەڵكو زمان بەر لەهەر شتێ دەتوانێ شیمانەی بوون لەخۆبگرێ و هەبوویەك ئاشكرا بكات (سبیلا و العالی، ٢٠٠٥، ١٨). بە بڕوای هایدێگەر گوتن ڕێنیشاندەرە بۆ گەیشتن بە بونیادەكانی بوونی ئەو هەبووانەی لە گفتوگۆكردن و گوتندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، لەبەرئەوەیە پلاتۆن ڕووی لە دیالێكتیك كردووە، بەڵام دیالێكتیك فەلسەفە دەشێوێنێ، تەنانەت ئەرستۆش لێیتێنەگەیشتووە (هایدێگەر ٢٠١٣، ٦٩). هەروەها گوتن بریتییە نییە لە دوان لەبارەی شتێكی دیاریكراوەوە، بەڵكو قسەكردنی بیستراو یان بێدەنگە، چونكە بیستن (Horen) و بێدەنگی (Schweigen) سەر بەزمانی ئاخاوتنن و وەك شیمانەی زمان وان (سلیمان، ٢٠٠٩، ١٣٢)، ئەمە دەرخەری توانستی زمانە كە توانستی گوزارشتی هەیە بە گوتن و لەگەڵ ئەوانیدیكەدا بوونێكی دیالێكتیكی دەخاتەوە. هەروەها زمان بەیانكەری بوونە و گوتن و بێدەنگیش شیمانەكانی قسەكردنن. زمان لێرەدا تەنها ئامراز نییە بۆ پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و دەربڕین، سەرەڕای ئەم بایەخ و ئەركانەی بەڵام زمان دەرخەرە، چونكە پەردە لەسەر بوونی بوونەوەری هەڵدەماڵێت و كەشفی دەكات. كەواتە زمان لە فۆرمی گوتندا (Rede) گوتارێكی هەڵگرتووە و دیارخەری بوونە.

زمان دەخزێتە ناو پەیوەندی دازاین لەگەڵ ئەوانی دیكە. بوون-لەناو-جیهاندا هاوكات بوون-ە لەگەڵ-ئەوانیدی، ئەم پەیوەندییە جۆرێكە لە دیالۆگ. لەو بوون-ەدا كە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەوانیدی دەبێت دازاین خۆیەتی و ڕەسەنێتی خۆی بپارێزێت، ئەمەش هاوشێوەی دیالۆگە، كاتێك دەتوانێت ئەو سەربەخۆییەی لە ڕێگەی زمانەوە بپارێزێت و لە پەیوەندیشدا بێت. زمان لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەكاندا ڕۆڵی كاریگەر دەگێڕێت، بەڵام ئەم پەیوەندییە تەنها سروشتێكی كۆمەڵایەتی نییە، بەڵكو بریتییە لە 'دیالۆگ' (ئیمام ٢٠١٥، ٣٦٤) و بەریەككەوتنی جیاوازییەكان یان مرۆڤەكان لەگەڵ یەكدی. هەروەها پاراستنی جیاوازیی بریتییە لە پاراستنی ئەو ئازادییە بنەڕەتییەی كە لای هایدێگەر و فەلسەفەی بوونگەراییدا هەیە، هەروەها بوون-لەگەڵ-ئەوانیدی پێشمەرجێكی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوونی مرۆڤ و بوونی كەسانی دیكەش زەمینەی دەرخستن و ئاشكرابوونی بوونی هەریەكەیانە، نەك ئەوانی دی وەك ئامراز و ئۆبجێكت لێبڕوانین (كەمال، ٢٠٠٥، ٤٣، هەروەها كەمال، a٢٠٠٧، ٥٨-٥٩). مرۆڤ لە فەلسەفەی هایدێگەردا نابێتە سەبجێكت یان ئەو 'من'ـە ڕەهایەی ئەوانیدی وەك ئۆبجێكتی بە-خۆ نامۆ هەژمار بكات، ئەمەش وەك ڕەتدانەوەی فەلسەفە سەبجێكتییەكەی 'ڕێنێ دیكارت' ویستەكانی تەكنۆلۆژیا بۆ داگیركردنی بوونی مرۆڤ و جیهان. بەڵكو شێوازێكی بوون بریتیە لە بوون-لەگەڵ-ئەوانیدی، بۆ ئەوەی هەموان لە نێو ئەو بەستێنەی بووندا بە بێ نامۆبوون بگیرسێنەوە پێویستیان بە زمانە، چونكە زمان لەم فۆرمەدا واتای 'دیالۆگ' دەدات، ئەمەش بریتییە لە پەیوەندی نێوان كەسەكان، بە جۆرێك زمان وەك دیالۆگ گەرەنتی سەربەخۆییان دەداتێ و لە دەست بەسەرداگرتن و بە ئۆبژێكتبوون دەیانپارێزێت. كەواتە زمان لە پەیوەندیدا بە ڕێگەی دیالۆگەوە دەرفەت بە ئاوەڵابوونی خود-ەكان دەدات و هەر بەو ڕێگەیەوە بۆ یەكدی دەردەكەون.

لای هایدێگەر، زمان لە بۆشاییەوە نایەت و هەمیشە ئاراستەی كەسێك دەكرێت، لە زمان مرۆڤانەتر شتێكی تر نییە، مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ خۆشیدا بدوێت ئەوا هەر ئاراستەی خۆی دەبێتەوە و دەكەوێتە پەیوەندییەوە، چونكە زمان هۆكاری پەیوەندییە (ئیمام ٢٠١٥، ٣٦٧) و دازاینیش لە ناو پەیوەندییەكانیدا بەدیدێت. هەروەها زمان بە تەنها ئامرازێك نییە بۆ پەیوەندی و گفتوگۆ، بەڵكو ئەركی ڕاستەقینەی زمان بریتییە لە كەشفكردنی حەقیقەتی بوون و هەڵماڵینی ڕووپۆش لەسەر لایەنی شاراوە و نادیاری بوون (كەمال a٢٠٠٧، ٦٤). بوونی زمان و وشەكان لە كاتی دەرخستندا دەبێت، كاتێك دازاین دەیەوێت تێبگات و ڕاڤە بكات (هایدێگەر ٢٠١٣، ١٤٩). زمان

بـوون رۆشـن دەکاتـەوە و نـەزانراو ئـاوەڵا دەکـات، هـەتاوەکو ئـەم بوونـەش رۆشـن نەکرێتـەوە، بیرکردنـەوە لێـی ئاستەمە، کەواتە زمان زەمینەی بیرکردنەوەش فەراهەم دەکات. هـەروەها زمـان لـەلای هایدێگـەر دەبێتـە بـوون-لەگەڵ ئەوانیدی.

**تەوەری دووەم: بوون**

هەرچەندە لە نێوان فەیلەسوفانی بوونگەرا جیاوازی هزریی و فەلسەفی زۆر هەیە، بەڵام لـەلای مـارتن هایدێگـەر فەلسەفەی بوونگەرایی دەگاتە ترۆپك و دەشێ بـۆ تێگەیشـتن لـە بوونگـەرایی لـە بۆچوونە فەلسـەفییەکانی ئـەو فەیلەسوفە ئاگاداربین، کـە چـۆن بـوون دەکەوێتـە پـێش ماهیـەت و مـرۆڤ سـەبارەت بـە بـوونی خـۆی پرسـیار و کێشـەی هەیـە، لـە کاتێکـدا لـە فەلسـەفەی کلاسـیکی گریکـەوە وا دادەنـرا کـە بـوون لەسـەر بنـەمای ئـەوەی کـە جەوهەرە رۆشن و مسۆگەرە، بەڵام هایدیگەر سەرلەنوێ ئەو پرسیارە لەبارەی بوون زیندوو دەکاتـەوە و پێیوایـە فەلسەفە بە درێژایی ئەو مێژووە ئەم پرسیارەی بیرچۆتەوە و بە دروستی وەڵامی نەداوەتەوە.

بوونگەرایی (الوجودیە - Existentialism) وەك ئاراستەیەکی ناراشیۆنالیستی، کە بڕوای بە بوونی پێشوەختی ئاگایی و جەوهـەر و هـزر نییـە بـۆ هاتنـەئارای بـوون، دواتـر بـە تایبـەت لـە دوای جـەنگی یەکـەمی جیهانی لـە ئەڵمانیا و فەرەنسا گەشەی کرد و گوازرایەوە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهان. بۆ یەکەم جار فەیلەسـوف (ف. هاینمـان) کە سەر بە رێبازی کانتیزمی نوێ بوو، زاراوەی بوونگەرایی لە ساڵی ١٩٢٩ دا بەکارهێنا. بوونگەرایی بە شـێوەیەك بریتییە لە رەتدانەوەی ئەقڵانییەتی رۆشنگەریی و مۆدێرن و فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، چونکە بوونگەراکان بوونی پێشکاتییانەی جەوهەر رەتدەکەنەوە و وەك کێشەیەك دەیبینن کاتێك پارادۆکس لە نێوان خود و بابەتـدا دروستدەکات و هەر بوونێك وەك جەوهەر دادەنێت، لە کاتێکدا بوون و بە تایبەت بوونی مرۆڤ لە یەکێتی نێـوان خود و بابەت دەستپێدەکات نـەك دژایـەتیان. گـرنگترین سەرچـاوەکانی بوونگـەرایی دەگەڕێنـەوە بـۆ: فەلسـەفەی ژیـان، فینۆمینۆلـۆجی ئێدمونـد هوسـەرڵ، تێڕوانینـە ئـایینی و سـۆفییەکانی کیرکـەگارد، هـەروەها بۆچـوونە فەلسـەفییەکانی گابریـل مارسـیل و کـارل یاسـپەرز و پردیـائیف و مـارتن پۆپـەر و مـارتین هایدێگـەر و ژان پـۆل سارتەر و ئەلبێر کامو... (روزنتال و یودین، ٢٠٠٦، ٥٧٩).

بـوون (الوجـود - Existence) لـە بەرامبـەر هیـچ و نەبوونـە، هـەروەها بـوونی شـتێکە کـە لـەلای فەیلەسـوفان تێگەیشتنی جیاوازی هەیە. هەروەها دەبێ هەر لە سەرەتاوە لە نێوان دوو بووندا جیاوازی بکەین: یەکەم، بـوونی جیهانی بابەتی (Being) کە بوونی ماددیانەی شتەکان رەچاودەکات و تیـۆری ئایـدیالی بـۆ بـوون رەتدەکاتـەوە، واتا رۆڵی ئاگایی لە بووندا وەلاوە دەنێت. هەروەها دووەم، بوون (Existence) بە شێوە پەتییەکەی کـە بـوونی هەر جەوهەرێك لە پشتی دیاردەکانەوە رەتدەکاتـەوە و شـتەکان لەسـەر بنـەمای جەوهـەر ناناسـێت تـا بـە شـوێن جەوهـەری بـاڵا و پـەتی شـتەکاندا بگـەڕێین، هـەروەها ناشـێ بـە بـێ بـوون وێنـای هـیچ جەوهـەرێك و بـوونی جەوهەری بکەین، ئەمەش لای بوونگەراکان دەردەکەوێت کاتێك بوونی مرۆڤ دەخەنە پێش جەوهـەر و ماهیـەت (صلیبا، ١٣٨٥، ٥٥٨).

بوون پێش-ئاگایی و پێش-زانینە و پێدراوی ئاگایی و زانـین نییـە، بـەڵکو خـۆی بنەڕەتـە (مصگفی، ٢٠٠٧، ٢١٤). "تێگەیشتن لە بوون بەستراوە بە تێگەیشتنی دازاین لـە بـوون، بـەڵام تێگەیشـتنی دازایـن بـۆ بـوون بەسـتراوە بـە ڕوونکردنـەوەی دازایـن لـە ژێـر ڕۆشـنایی بیرۆکـەی کیـان، یـان واتـای ئـەو بوونـەی کـە دیاریـدەکات، بەمـەش

تێگەیشتنی بوون بەستراوە بە دازاین و تێگەیشتنی دازاینیش پێشوەختە بە تێگەیشتنی بوونەوە بەستراوە ' (مهنانە، ٢٠١٣، ١٣٤).

بۆ بوون نابێ لە کەسایەتیدا بگەڕێین دەبێ لە واتاو کاتدا بگەڕێین، جیهانی دازاین لە گوتندا سادە دەبێتەوە و دازاین هەمیشە لەبەردەم هێرشی زماندایە و بوونەوەر لە زماندا دەبێتە هەڵگیراو لە فۆڕمی وشەدا. بەمەش زمان دازاین دەشێوێنێ، چونکە بوون لە جیهاندا تەنها لە فۆڕمی گوتندا دەردەخات یان لە فۆڕمی بوونیادی زمان و هایدێگەر وەك کاتێتی گوتار ناوی دەبات و دەڵێت ''ئەوە زمانە دەدوێت نەك مرۆڤ، مرۆڤ ناپەیڤی تەنها بە بڕێکی گونجاو لە گوتنی زمان نەبێ ' (بن تومی، ٢٠١٣، ١٣٠).

بوون (Sein) تەنیا لە تێگەیشتنی بوونەوەری لە بوون تێگەییودا هەیە، هیچ بوونێك بەبێ تێگەیشتنی نییە — بوونەوەر بە پێچەوانەوە سەربەخۆیە لە ئاوەڵایی. ''بوونەوەر سەربەخۆیە لە ئەزموون و ناسین و دیاریکردن، کە بە ڕیپانەوە ئاوەڵا و ئاشکراو و دیاری دەکرێت. بەڵام بوون تەنیا لەنێو تێگەیشتنی بوونەوەردا 'هەیە ' (ist)، ئەمەش بوونەوەرێکە کە تێگەیشتنی بوون سەر بە بوونێتی. بۆیە دەشێت مرۆ لە بوون تێنەگەیشتبێت، سەرباری ئەمە بوون هەرگیز وەك تەواو لێتێنەگییو نامێنێتەوە '. تەنیا گەر دازاین هەبێت، ئەوا بوونیش دەبێت، چونکە تێگەیشتنی بوون پێشمەرجی بوونە. بە پێچەوانەوە بوونەوەر ئەو کاتەش هەر دەبێت، گەر چیدی دازاین نەبێت (جەلال، ٢٠١٢، ٢٢٧).

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا و لەگەڵ بوونگەراییدا، پرۆژەیەك هەیە بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ لای خۆی، ئەم پرۆژەیەش لەلای مارتن هایدێگەر بە تەواوەتی دەخەملێت و بە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندیی هێرمیونیتیکی لە نێوان زمان و بووندا تێزی نوێ دەخاتەوە. ئەم تێڕوانینە نوێیە بە ڕێگەی میتۆدی فینۆمینۆلۆجییەوە شرۆڤەی بوون دەکات بەوەی کە هەیە نەك بەوەی کە جەوهەرێکی میتافیزیکی و باڵابێت (أحمد، ٢٠٠٨، ٤١).

## باسی دووەم: فینۆمینۆلۆجی هێرمیونیتیکی

### تەوەری یەکەم: فینۆمینۆلۆجی

فینۆمینۆلۆجی، هەڵوێست و میتۆد و بزاڤێکی فەلسەفیی بوو کە لە سەدەی بیستەمدا لە لایەن 'ئێدموند هوسەرل ١٨٥٩-١٩٣٨' و هەندێ لە شوێنکەوتووانی گەشەی پێدرا. بەڵام وەك تێگە لە سەدەی هەڤدە لە لایەن لاهوتییەکان و ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بە تایبەت لای کانت و هێگڵ بەکاربراوە. فینۆمینۆلۆژی، یەکێکە لە کۆنسێپتە هاوچەرخەکانی فەلسەفە، هەرچەندە وەك فێرگە و سیستەم و ئاراستە خۆی نمایش نەکردووە، بەڵکو هوسەرل وەك بزووتنەوەیەکی فرەلایەن دۆزیەوە، فرەلایەن بەو واتایەی کە فینۆمینۆلۆژی لە تێگەیشتن و بەستێنی جیاوازدا لای فەیلەسوفان بەکاربراوە، وەك: (ئێدموند هوسەرل، ماکس شیلەر، هارتمان، مارتن هایدێگەر، ژان پۆڵ سارتەر و میرلۆپۆنتی)، کە هەریەکەیان جیاواز لەویدی فینۆمینۆلۆژی لە فەلسەفەکەیدا بەکاربردووە (Audi, ١٩٩٩, ٦٦٤).

سەرجەم فەیلەسوفان، فینۆمینۆلۆژی وەك 'مەبەستداریی' بەکاردەبەن، واتا بە مەبەستەوە ڕوودەکەنە شت. بۆ نموونە لای 'هوسەرل' مەبەستداریی ئاکتێکی ئاگامەندانەیە. لای 'هایدێگەر' و زۆربەی بوونگەراکان حەقیقەتی مرۆڤ خۆی بریتییە لە مەبەستەکە وەك بوون-لە-جیهاندا. هاوکات، فینۆمینۆلۆژکاران هاوڕان لەسەر بیرۆکەیەکی

بنەمایی کە فەیلەسوف دەبێ وەڵامی پرسیاری 'بوون و واتا' بداتەوە، وەك واتای بوون چییە، بوونی بوونەکان و بوونی جیهان. جا بوونی نا-جیهانیی مۆنادەکان بێت وەك لای 'هوسەرل' یان بوون-لە-جیهاندا بێت وەك لەلای 'هایدێگەر'. هەروەها، فینۆمینۆلۆژکاران بەرگری لە فۆرمێکی دڵنیایی دەکەن سەبارەت بە 'حەدس-سووسەزانی' ئینتویسیۆنیزم (Intuitionism) کە 'هوسەرل' ناویناوە 'بنەمای هەموو بنەماکان' ((Ibid, ٦٦٦.

لێرەوە، هایدێگەر بە دوای میتۆدێکدا دەگەڕێت کە ژیان لە ژێر تیشکی ژیان خۆیدا کەشف بکات و پرسیارە مەزنەکەی لەبارەی 'بوون' بگەیەنێتە وەڵام و جەختی. فینۆمینۆلۆجی بۆ هایدێگەر، دەشێت میتۆدێك بێت بۆ رۆشنکردنەوەی بوونی مرۆڤ، ئەو بوونەی کە بە تاریکی تەنراوە، بە جۆرێك لەو داپۆشراوییە رزگاری بکات (مصگفی، ٢٠٠٧، ٢١٢-٢١٣). هەروەها فینۆمینۆلۆجیای هێرمینیوتیکی لەگەڵ هێرمینیوتیکی دازایندا خەریکە، چونکە دەبێ دازاین شرۆڤە بکرێت. فینۆمینۆلۆجی بۆ هایدێگەر بریتییە لە کەشف کردن، بە جۆرێك ئەوەی خۆی دەردەخات وەك دیاردە دەبێ رۆشن بکرێتەوە تا کەشف بکرێت، چونکە لۆگۆس کردەیەکی کەلامییە و ئەرکی کەشفکردنی دیاردە و شتەکانە وەك ئەوەی کە هەن (مصگفی، ٢٠٠٧، ٢١٩) ئەمەش لە زماندا دەردەکەوێت و هایدێگەر رووەو ئەودیوی زمان ئاراستە دەکات لە هێرمیونیتیکدا.

هەروەها، رۆشنکردنەوە و ئاشکراکردنی بوون لەسەر شێوازی هوسەرل-یانە نابێت کە ئاگایی ترانسێندێنتاڵ خەریکی بوو، بەڵکو کەشفێکە لە ناو مێژوویێتی و کاتێتی دایە، نەك بیکات بە کاتیگۆرییەك لە نێو ناکات و ناشوێندا. تەنانەت بە جەوهەرکردن لە فەلسەفەی خۆرائاواییدا بوون-ی زیندانی و داپۆشراو کردووە بە رێگەی کاتیگۆرییەکانەوە و بیریشی چۆتەوە کە ئاوای بەسەر هێناوە (مصگفی، ٢٠٠٧، ٢١٤ ). هایدێگەر، هەرچەندە لە میتۆدی فینۆمینۆلۆجیدا پابەندە بە 'ئیدموند هوسەرڵ ١٨٥٩-١٩٢٨'ـەوە، بەڵام هاوکات خۆیشی لەو جیادەکاتەوە، کە میتۆدەکە هوسەرڵ لە فینۆمینۆلۆجی ترانسێندێنتاڵدا بە ئامانجی زانینی جەوهەر و گەیشتنە بە منی رەها، لە کاتێکدا بۆ هایدێگەر فینۆمینۆلۆجی میتۆدی تێگەیشتن و بەیانکردنی بوونی دازاینە لە ناو کاتێتی و مێژوویێتی و ژیانی رۆژانەیەوە، کەواتە فینۆمینۆلۆجی دازاین تەنیا وەك هێرمیونیتیکێك (جەلال، ٢٠١٢، ٥٤-٥٥).

کەواتە، هایدێگەر بۆ توێژینەوە لە بوون، سوود لە میتۆدی فینۆمینۆلۆجی وەردەگرێت، بەڵام جیاواز لەوەی هوسەرڵ، کە پێگەیەکی یەکەمی بە ئاگامەندی سەبژێکت دەدات و لە وەسفکردنەوە بە شێوەی مەبەستەکییانە روودەکاتە توێژینەوە لە ماهییەتی شتەکان تا بە جەوهەر بگات. بە بڕوای هایدێگەر کێشەی مرۆڤ بریتییە لە بوونی خۆی نەك جەوهەری دیاردەکان، لەبەرئەوە دەبێت مرۆڤ لە بوونی خۆی تێبگات. بۆ ئەم تێگەیشتنەش راڤەی بوون پێویستە تا تێگەیشتنێك لەبارەیەوە دروست ببێت. کەواتە میتۆدێکی راڤەیی پێویست دەکات بۆ تێگەیشتن لە بوون، مادام میتۆدەکەش لەسەر تێگەیشتن و راڤە دەوەستێت، ئەوا هێرمیونیتیك پێویست دەکات، لێرەوە هایدێگەر فینۆمینۆلۆجی هێرمیونیتیکی پێشنیار دەکات بۆ تێگەیشتن و کەشفی بوون (کەمال ٢٠٠٤، ٥٢). پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و راڤە پەیوەندییەکی زەرورییە، کە لێیەوە داکۆکی لە بوونی رەسەن دەکرێت بە فەزڵی زمان، ئەم بوونە رەسەنەش لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە (کەمال، ٢٠٠٧b، ٩٩). دازاین دەبێت بە رێگەی زمانێکەوە کە لە گوتن و پەیڤ و گوتاردا رەنگیداوەتەوە، داکۆکی لە بوون بکات، ئەو نیگەرانییە بڕەوێنێتەوە کە سەبارەت بە بوونی خۆی هەیەتی و ئەو ترسە نەهێڵێت کە لەمەڕ بوون-ەکەی لە ئارادایە و دەیخاتە خانەی بوونەوەرەوە.

فینۆمینۆلـۆجی هێرمیـونیتیکی رێگـە بـە شـت دەدات وەك ئـەوەی کـە هەیـە بزانرێـت، هـەروەها رووداوەکاتـە مەبەسـتدارێتی بـوونی دازایـن، نـەك مەبەسـتدارێتی ئاگـایی لای هوسـەرڵ کـە شـتەکان بـۆ 'مـنی ترانسـێندێنتال' بدرەوشێنەوە، چونکە لای هایدێگەر بـوون پـێش ئاگـایی و زانـینی مرۆیـی کـەوتووە (بـارة، ۲۰۰۸، ۲۰۹). هـەروەها مرۆڤ بەرپرسیاریەتی ڕاڤەی شتەکان و بەرپرسیارێتی حەقیقەتی داوە بە زمان، بڕیاری زمانیش لەهەر جارێکدا هێرشێکە دازاین توشی دێت و شت بە وشە دەکات (بە وشەکردنی شت). پۆڵ ڕیکۆر دەڵێ: ''هێرشـی زمـان جگـە لە هێرشی دازاین هیچی دیکە نییە، چونکە هێرشی دازاین واتا بونەوەر-لە-زماندا دەبێتە هەڵگیراو بۆ وشە ' (بن تـومی، ۲۰۱۳، ۱۳۳). لێرەوەیـە کـە دەسـەڵاتی گـەورە و رەسـەنی زمـان دەردەکـەوێت کـە نـاو لـە شـتەکان دەنێـت و وادەکات کە شتەکان هەبن (کۆمەڵێك نووسـەر، ۲۰۰۸، ۳۳). ئێمـە کاتێـك لـە شـت تێدەگـەین کـە گـوتنێکی زمـانیی لەبارەیەوە هەبێت، ئاخر ئەو کاتە شت دەبێتە شت کە زمـان ئـەو بڕیـارە بـدات بـە هێـزی وشـەکانی، نـەك ئێمـە زمان وەك ئامراز بەکاربێنین و بیکەینە ئامرازی بڕیارەکانمان.

هەروەها هایدێگەر فینۆمینۆلۆجی وەك میتۆدی توێژینەوە بەکاردەبات نەك وەك زانستی گەیشتن بە جەوهـەری بابەت، واتـا وەك "گـوتن لەسـەرئەوەی کـە خـۆی دەردەخـات" (هایدێگـەر، ۲۰۱۳، ۸۰،۷۱)، ئەمـەش بـۆ کەشـفکردنی چـۆنبوونی شـتەکانە لـە دەرکەوتنیانـدا نـەك چـییەتی شـتەکان. هایدێگـەر لـە 'بـوون و کـات'دا، میتـۆدی فینۆمینۆلۆجی بۆ راڤە و شرۆڤەی لێرەبوونی مرۆڤ بەکاردەبات، ئەم راڤەیـەش بـەرەو هێرمیونیتیـك دەمانبـات، کە ئەو هێرمیونیتیك وەك فینۆمینۆلۆجی دازاین ناودەبات و دەیکات بە راڤەی بوونی مرۆڤ (هەمان، ۸۲).

هایدێگەر، لە فینۆمینۆلـۆجی بوونگەرانـەوە رووداوەکاتـە هێرمیونیتیـك، بەمـەش زیـاتر لـە ئیدمونـد هوسـەرڵ و فینۆمینۆلۆجییە ترانسێندێنتاڵییەکەی دووردەکەوێتەوە و فینۆمینۆلۆجی بوونگەرانەی هێرمیونیتیکی پێشنیاز دەکات لە فەلسەفەکەیدا، بە شێوەیەك کە قسەکردن و توێژینەوە لەبارەی بابەتێکەوە بۆ دەرخستنی بابەتەکەیـە لە نێو چۆنبوونەکەیدا و گوتنە لەسەر ئەو شتەی کە خۆی دەردەخات (کەمال، ۹۸). کەواتە توێژینـەوە لـە مـرۆڤ وەك ئـەوەی کـە هەیـە و خـۆی دەردەخـات لـە نێـو جیهانـدا و لەگـەڵ ئـەوانی دیکـە دەبێتـە بابـەت بـۆ فینۆمینۆلۆجییەکـەی. دەرکـەوتنی مـرۆڤ لـە ژیـانی راستـەقینە و رۆژانەیـدا بـەر لـە هـەر جەوهـەر و تیـۆرێکی دیکەیە.

## تەوەری دووەم: هێرمینیوتیك

هێرمیونیتیـك (Hermeneutics)، کـە تیـۆر و پراکتیـزەی تێگەیشـتنە، لـە بنەڕەتـەوە لـە واژەی هێرمێنیـا (Hermeneia)ی گریکییەوە هاتووە (Ree & Urmson ۱۹۹۱, ۱۳۱)، هەندێکیش سەرچاوەکەی دەگێڕنەوە بۆ کرداری (Hermeneuin) ـی گریکی کە بە واتای راڤەکردن هاتووە (ریختەگران ۱۳۷۸، ۱۷). بە گوێرەی ئەفسانە گریکییـەکان هێـرمس (Hermes) خوداوەنـدی خولْقێنـەری زمـان و پاڵـەوانێك یـان پەیامبـەرێك بـووە بـۆ گەیاندنی گوتەکانی خوداوەندەکان بە خەڵك و شیکردنەوەیان. هـەروەها هێرمیونیتیـك سـەرەتا بـە واتـای راڤـە هاتووە بە تایبەت لە لێکدانەوە و تێگەیشتنی تێکستە ئایینیـە پیرۆزەکـان (کـەمال، ۲۰۰٤، ٥٦-٥٧، هـەروەها کـەمال، a۲۰۰۷، ٤۲).

هێرمیونیتیـك لەلایـەن 'شـلایرماخەر ١٧٦٨-١٨٣٤' و 'ویلـهێلم دیلتـای ١٨٣٣-١٩١١' و 'مـارتن هایدێگـەر' و 'جیـۆرج گادامێر ١٩٠٠-٢٠٠٢' گەشەی پێدراوە (Lacey ١٩٩٦, ١٣٥). هەروەها دواتریش چەندان فەیلەسوفی هاوشێوەی 'پۆڵ ریکۆر ١٩١٣-٢٠٠٥' لەبارەی هێرمیونیتیکەوە کاری گرنگیان ئەنجامدا. بە جۆرێك هێرمیونیتیك لای شلایرماخەر بریتییە لە 'هێرمیونیتیکی دەق' کە وەك راڤە و تێگەیشتنی دەق هەژماری دەکات و لای دیلتای 'هێرمیـونیتیکی میتۆدناسـی' و لای گـادامێر 'هێرمیـونیتیکی ئاوێتـە لـە میتۆدناسـی و بوونناسـی' هەیـە، بـەڵام لای هایدێگـەر 'هێرمیـونیتیکی فەلسـەفی' دەبینرێت بـۆ راڤـەی بـوون و بوونناسـی و تێگەیشـتن و بـەیانکردنی بـوون. لـە رووی مێژووییەوە، هێرمیونیتیك سێ سەردەمی 'کلاسیك، مۆدێرن و پۆستمۆدێرن'ی هەیـە، کـە کلاسیکەکانی بـریتین لە شلایرماخەر و دیلتای و مۆدێرنەکانی هەریەکە لە هایدێگەر و گـادامێرن و نمونـەی پۆسـتمۆدێرنیش بریتیـە لە 'هێرش' (موسوی ١٣٨٤، ١٤٤).

تێگەیشتن (Verstehen) لـەلای هایدێگـەر هـەمان واتـای تێگەیشـتنی ئینگلیـزی (Understanding) نییـە، ئینگلیزییەکە جۆرێکە لە توانستی ئاگایی بۆ شتێك یان کەسێك، بەڵام بـۆ هایدێگـەر تێگەیشـتن توانسـتی مرۆڤـە بـۆ دركکردنـی شـیمانەکانی بـوونی خـۆی لـە جیهانـدا. کەواتـە تێگەیشـتن نـە بـەهرە و نـە توانسـتی ئاگـایی یـان توانستی دركکردنی واتـای دەربڕینێـك نییـە و شـتێکیش نییـە کـە هـەمانبێت، بـەڵکو شـتێکە دروسـت دەکرێـت و شێوازێکە لە شێوازەکانی لە جیهاندا بـوون و بنەڕەتـە بـۆ هـەر راڤەیـەك و دەبێتـە ئۆنتۆلۆجیـا (مصـگفی، ٢٠٠٧، ٢٢٢). هـەروەها تێگەیشـتن وەك لـە کلاسـیکدا هـەبووە، بـۆ هایدێگـەر رەتدەکرێتـەوە، بـەڵکو هێرمیونیتیـك بـە فینۆمینۆلۆجییـەوە دەلکێنێـت تـا تێگەیشـتن لـە خـودی شـتەکان خۆیـان بێـت کـە وەك فاکتیسـێتی دەردەکەون، ئەمـەش هێرمیـونیتیکی فینۆمینۆلۆجییانـەی فاکتیسـێتییە (جـەلال، ٢٠١٢، ١٠١). هێرمیـونیتیکی هایدێگـەری خەریکە بە تێگەیشتنەوە، بەڵام بە رێگەی زمانەوە بـەیانکردنێك (Auslegen) دێنێتـە ئـاراوە لەسـەر بنـەمای تێگەیشتن (Verstehen)، ئەمەش رەگی لە تێگەیشتنی بووندا داکوتاوە بەر لەهەر تێگەیشـتنێك لـە تێکسـت و نووسینێك.

هایدێگەر گۆڕانی مەزنی بە هێرمیونیتیك دا، بە جۆرێك بۆ ئەو تەنها راڤەکردنی تێکست و کتـێبی پـیرۆز نییـە، بەڵکو راڤەکردنی بوونی مرۆڤە لەسەر بنـەمای تێگەیشـتن، چـونکە بـە بـێ تێگەیشـتن لـە بـوونی مـرۆڤ ئـەوا لـە واتای بوون تێناگەین و تێگەیشتنیش پیشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجییە بۆ بوون. ئەمەش بە زەرورەت وا دەکات کە بـۆ بوونی مرۆڤ پێویستە تێگەیشتن بوونی هەبێت. کەواتە تێگەیشتن دەبێتـە بنـەڕەت بـۆ راڤـەکردن و زمـانیش بـۆ هەردوکیان پێویستە، واتا لەسـەر زەمینـەی زمـان، تێگەیشـتن و راڤـە دروسـتدەبن (کـەمال ٢٠٠٥، ٤٥-٤٦). هاوکـات توانسـتی بـوونی مـرۆڤ لـە تێگەیشـتن دایـە (سـلیمان، ٢٠٠٩، ١٣١) و تێگەیشـتنیش دەبێتـە بـەیانکردن وەك لـە هێرمیونیتیکدا (مصطفي، ٢٠٠٧، ٢٣١). هـەروەها هێرمیـونیتیکی هایدێگـەری بەرامبـەر 'راڤـەی بنـەڕەتی'یـە، کـە دەیـەوێت 'هێرمیـونیتیکی فاکتیسـێتی' لـە بـری لێکدنـەوەی دازاینـدا بـەکاربێنێت (نیکفـەر، ٢٠٠٧، ١٢٦). لێـرەوە، بوونی بنەڕەت لەلایەن دازاینەوە راڤە دەکرێت و لێی تێدەگات، مرۆڤ دەتوانێت بە رێگەی زمان و گوتنـەوە بـوون ئاشکرا بکات و بەیانی بکات، بەمەش هێرمیونیتیك جۆرێکە لـە شـرۆڤە و بـەیانکردنی بـوون لـەناو مێـژوویێتی و کاتێتییەوە، بـەجۆرێك لەهـەر دۆخگۆڕییەکـدا مـرۆڤ دەتوانێـت تێگەیشـتنی نـوێ بخاتـەوە، سـەرباری تێگەیشـتنە کاتەکییـەکانی دازایـن ئـەوا تێگەیشـتنی جیـاوازی زۆر هـەن کـە مرۆڤـان بـۆ بـوون هەیانـەو هـەمووان لـە نێـو پەیوەندی زمانیی پێکەوەییدا هەن.

بە تیڕوانینی هایدێگەر، مرۆڤ لە پەیوەندییەکی هێرمیونیتیکی دا بوون بەیاندەکات، مرۆڤ بە کەلێنێك لە نێوان شاراوەیی و درەوشاوەیی بووندا تێدەپەڕێت، هێرمیونیتیك وادەکات کە مرۆڤ وەك فاکتێك بوونی خۆی بەیانبکات (مصگفی، ٢٠٠٧، ٢٥١). فاکتێتی دازاین لە جیهاندا پێویستی بە راڤەیە، بۆ هایدێگەر هێرمیونیتیك دەتوانێت ئەو فاکتێتییە راڤە بکات و لە خۆی تێبگات و لەبارەی خۆیەوە بدوێت، کەواتە زمان و بوون لە پەیوەندییەکی هێرمیونیتیکیدان و زمانیش دەتوانێت ئەو پەیوەندییە هێرمیونیتیکییە دیاریبکات ( Inwood ٨٨-٨٧ ,١٩٩٩). مرۆڤ بە بێ تێگەیشتن لە بوون، کە خۆی بەشێکە لە بوون، ئەوا بوونی خۆی ناناسێت (موسوی ١٣٨٤، ١٥٠) و نامۆ بە خۆی لە جیهاندا دەمێنێتەوە، تەنانەت بوونی بنەڕەتی جیهان-یش نازانێت کە وەك هەبوویەك لە جیهاندا بوونی هەیە و کەوتۆتە ناوی و لەگەڵ ئەوانیدیدا پێکەوە بوونیان تیایدا هەیە. لێرەدا هێرمیونیتیك لەگەڵ ئەندێشەکانی دازایندا پەیوەندی هەیە، تێگەیشتن لە بوونی بنەڕەت دواجار دەبێتە زەمینە بۆ لە خۆ تێگەیشتن و ئەگەرەکانی خۆمەندی لەبەردەمدا زیاتر و فراوانتر دەکەن تا لە جیهاندا بوونی هەبێت.

'پۆڵ ریکۆر' لە نووسینێکدا 'فەلسەفەی زمان' پێیوایە، کە هایدێگەر هێرمیونیتیکی لە پرۆژەیەکی سایکۆلۆژییەوە گواستۆتەوە بۆ پرۆژەیەکی بوونگەرایی، هەروەها لە تێکستەوە بەرەو زمان و لە کێشەی کولتورەوە بۆ کێشەی 'بوونەوەر-لە-جیهاندا'. ئەم کارەی هایدێگەر لابردنی تایبەتمەندییە دەروونییەکانە لە تێگەیشتندا و دانانییەتی لە زماندا، چونکە ئەو تێگەیشتنەی بوونێك لەبارەی دۆخەکەی و پرۆژەکانی هەیەتی راڤە و لێکدانەوەی بۆ ناکرێت تەنها لە نێوەندی پەیڤ و زماندا نەبێت، ئەمەش ئەو تایبەتمەندییە ئۆنتۆلۆجییەیە کە هایدێگەر بە زمانی بەخشیوە و ژیان وەك ئەزموون بریتییە لە ژیان-لە-ناو-زماندا. ریکۆر وایدەبینێت کە هایدێگەر بەمشێوەیە جۆرێك لە فینۆمینۆلۆجیای هێرمینیوتیکی دامەزراندووە (بغورە، ٢٠٠٥، ١١٤-١١٥). بەمەش، زمان پێشتر-بوونی هەیە لە هێرمیونیتیك و هەر تێگەیشتنێك لەبارەی بوونەوە، چونکە ئێمە دەتوانین بە رێگەی زمان و واژەکانییەوە لە بوون تێبگەین و جەوهەری زمان وەك زمانی جەوهەر لێتێبگەین.

بۆ تێگەیشتن لە دازاین و دەرخستنی بوونەکەی پێویستمان بە زمانە، زمان سەر بە دازاین نییە، بەڵکو زمان بەر لە دازاین هەیە (هەمان، ١٠٢) و واتای بوون و حەقیقەتەکەیمان بۆ ئاشکرادەکات. بەڵام وەرچەرخانی هایدێگەر بەرەو زمان وەرچەرخانێکە تێگەیشتن لە زمانەوە بۆ ئەودیو زمانی 'مێتا-زمانی' دەگۆڕێت لە دازاین و واتای بووندا، بە جۆرێك پەیوەندی دووانی نێوان واتا و واتاێنراو تێدەپەڕێنێت بۆ واتای واتا و واتای واتاێنراو. هەموو ئەمانەش تەنها لە چێوەی دازایندا شیاوی بایەخپێدانن. بەمەش، هێرمیونیتیکێك دروستدەکات کە کاری تەنها بریتی نییە لە راڤەکردنی تێکست، بەڵکو رووودەکاتە پێش-راڤەیی و گێڕانەوەی شتەکان بۆ رەچەڵەکیان، بۆ ئەمەش پەیوەندی نێوان زمان و شتەکان دێنێتە ئاراوە و هێرمیۆنیتیکیش بە تەنها وەك راڤەی دەق و شتەکان وەرناگرێت، بەڵکو دەبێتە تێگەیشتن (أحمد ٢٠١٠، ٢١٩) و دەبێتە بەیانکردن و ئاشکراکردنی بوونەکەیان. هاوکات وشەکان وێنەدانەوەی شتەکان نین، هەروەها شتێك لە نەبوونەوە ناهێننە ئاراوە و ئامراز و ئاماژە نین لە خزمەت ئاگاییماندا. بەڵکو وشەکان لە تێگەیشتن و راڤەدا دەبنە بەیانکەر و دەرخەری بوونی شتەکان.

هەروەها، واتا لە هێرمیونیتیکی هایدێگەردا، بریتیی نییە لە واتای شتێك یان کەسێك واتا بە شتێك بدات، بەڵکو واتا ئەوەیە کە بابەتێك بە کەسێکی بدات لە رێگەی شیمانە ئۆنتۆلۆجییەکانی زمان و وشەکانەوە. کەواتە، واتا قوڵترە وەك لەوەی لە سیستمێکی لۆجیکییانەی زماندا هەبێت، واتا لەسەر شتێك وەستاوە کە پێشترە لە

زمـان (مصـطفي، ٢٠٠٧، ٢٣١). لێـرەوە، واتـا و تێگەیشـتن دەبنـە بنـەڕەت بـۆ زمـان و هێرمیونیتیـك. هـەروەها تێگەیشتنیش وەك تێگەیشتن لە زمان نییە، بەڵكو بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕێگەی زمانەوە و ئەركی دەربـڕین و گوتن ڕۆشن دەكاتەوە (نفسە، ٢٣٧).

## بەشی دووەم: زمانی بوون

### باسی یەكەم: زمان وەك بنەڕەتی بوون

### تەوەری یەكەم: زەمینەی ئۆنتۆلۆجی

بە بڕوای هایدیگەر ''زمان، هاوكات داپۆشـەر و ئاشـكراكەری بوونـە ' (بـن تـومی، ٢٠١٣، ١٢٥). زمـان وەك مـاڵ و نیشتمانی بوون، توانستی چێكردنی پەیوەندی لەگەڵ شتەكاندا هەیە بە شێوازی راسـتەوخۆ. زمـان بـەو نێوەنـدە دادەنـدرێت كـە گیرسـانەوەی دازایـن مسـۆگەر دەكـات، گیرسـانەوەیەك بـۆ هـزر كـە لـە شـوێندا نییـە وەك نیشتەجێبوون بەڵكو گیرسانەوە یاخود مانەوە و ئیقامەیە (Ethos). دازاین بە ڕێگەی زمانـەوە ماهیـەتی خـۆی دەردەخات، هەروەها هزر و ویژدان و گوتنیش، بەمەش مـرۆڤ تـەنها بـە ڕێگـەی زمانـەوە دەهزرێت و دەدوێـت و ویژدانیش وەك ئاكتێكی بوون لە نێو جیهاندا بە ڕێگەی گوتن و دەربڕینەوەیە، زمانیش وەك هێزی ئاشـكراكردن و چەسپاندنی ئامادەگی ویژدانە.

زمان دەبێتە زەمینەیەكی ئۆنتۆلۆجی بۆ بـوونی دازایـن، هەرچـەندە لـە بوونگەراییـدا بـوون پـێش جەوهەرییـە، بـەڵام زمـان وەك جەوهـەری بـوون دادەنرێـت، واتـا دازایـن لەسـەر زەمینـەی زمـان خـۆی هەڵدەچـنێت و وەك پرۆژەیەك دەربوونی خۆی دەخاتە بەردەم خۆی و لەگەڵ ئەوانیدیكەدا لە پەیوەندیدا دەبێت. ئەمـە نـەك تـەنها لە فەلسەفەی هایدێگەردا، بەڵكو بۆ 'ژان پۆڵ سارتەر ١٩٠٥-١٩٨٠'ی بوونگەراش زمان هەمان رۆڵی هەیە.

بۆ پشتڕاستكردنەوەی بۆچوونەكانی هایدیگـەر لـەبارەی زمـان و بوونـە بنەڕەتییەكـەی بـۆ دازایـن، سارتەر-یـش، خودی كردەوەكان بە زمان دادەنێت، یان بە شێوازێكی بنەڕەتی زمان. هەروەها دەبێژێت "زمان دیاردەیـەك نییـە خرابێتە سەر بوون-بۆ-خۆ، لە بنەڕەتەوە بوونی ئەوە". كەواتە بوون-ەكەی سارتەریش لەسەر بوونێكی بنەڕەتی دیكە وەستاوە كە زمانە، زمانیش پەیوەندی بە بوونی بابەتەكانەوە نییە لە جیهاندا بـەڵكو پەیوەسـتە بـە بـوون لەگەڵ ئەوانیدیكەدا كە پەیوەندی نێوان خۆ-كانە. زمانیش وەك سارتەر دەڵێت "پێویست ناكات دروسـت بكرێـت، چـونكە زمـان هەیـە، مـن زمـانم" (سـارتەر، ٢٠١١، ٣٨٣). ئەمـەش كاریگەرییـەكانی هایدێگـەر لەسـەر 'بـوون و نەبوون'ـەكەی سارتەر دەردەخات لەبارەی زمانەوە، كە بە بڕوای هایدێگەر زمان سەر بە مرۆڤ نییە، بەڵكو مرۆڤ سەر بە زمانە. ئەمەش هەمان بۆچوونە كە پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، كاتێك هایدێگەر لە 'بوون و كـات'دا دەڵێت "زمان سەر بە دازاین نییە، بەڵكو زمان بەر لە دازاین هەیە" واتا بوونی دازاین پێویستی بە زمانە.

هەروەها سارتەر بە ڕاشكاوی گـەواهی بـۆ هایژیگـەر دەدات، كـە بـە دروسـتی بـۆ بابـەتی زمـان چـووە. لەبەرئـەوە سارتەر دەڵێت "...هایدێگەر بە دروستی بۆ كێشەكە {زمان} دەچێت و دەڵێـت: مـن ئـەوەم كـە دەڵـێم" (هـەمان، ٣٨٣)، هەروەها سارتەر هەمان شێوەی هایدێگەر، زمان بە داهێنراوی 'خۆ' نازانێـت، بـەڵكو زمـان بـە خـۆی خـۆی دەردەبڕێت (هەمان، ٣٨٤). كەواتە زمان نە بەرهەمی خۆ-یە و نە دروسـتكراوی دازایـن-ـە، بـەڵكو سـەربەخۆیە و پێشمەرجێكی ئۆنتۆلۆجییە بۆ دەر-بوون-ەكەی دازاین.

لێرەوە، زمان، بەر لە درکاندن و قسەکردنمان پێی، پەیدایە و ئامرازی ئێمە نییـە، تـا بـبین بـە ئـاژەڵی قسـەکەر. بەڵکو هاوشێوەی بوون، کە خاوەنداریێتیمان لێدەکات، ئاوەهـایش زمـان خاوەنـداریێتی لـە ئێمـە دەکات و ئێمـە لـە میانی زمانەوە قسە دەکەین و لە ناو زماندا ژیان دەکەین (تـەها، ٢٠٠٦، ٧٨ ). هـەروەها "بـوونی مـرۆڤ لـە زمانـدا پێکدێت و دێتەدی" (هایدێگەر، ٢٠١١، ١٧٦). ئەمەش بۆ هایدێگەر، لە کاتی پەیڤین و دواندا شـیاوی لێتێگەیشـتنە، کاتێك مرۆڤ پێکەوە لە گفتوگۆدان، واتە لە کاتی هەڵدانەوەی سەرپۆشی بوون-ن و حەقیقەتەکە بەدیار دەخەن.

## تەوەری دووەم: دازاین لە زێدی زماندا

هایدێگەر، زمان تـەنها وەك ئامرازێـك بـۆ دەربـڕین و فەلسـەفاندن دانانێـت، بـەڵکو ئـەو لـەنیو بەسـتێنی زمانـدا دەفەلسـەفێنێ، واتـا زمـان بـۆ ئـەو مـاڵی هـزر و فەلسـەفەیە، بەمـەش ئـەو بـە زمـان نافەلسـەفێنێ بـەڵکو تێیـدا دەفەلسـەفێنێ (أحمـد، ٢٠٠٨، ٦٥). لـەدوای هایدێگـەرەوە فەلسـەفە دەبێتـە زمـان، وەك لـە هـەموو ئاراسـتەکانی (بنیاتگەری، هێرمۆنتیك، هەڵوەشانەوەگەرایی) ئـەم وەرچـەرخانە دەبینـرێت. دەشـێت دوای نازنـاوی فەلسـەفەی یەکەم بۆ میتافیزیك لە فەلسـەفەی کلاسـیکدا، فەلسـەفەی یەکـەم بـۆ زمـان دابنـێین بـە تایبـەتی لـە فەلسـەفەی هاوچەرخدا، چونکە لەهەردوو فەلسـەفەی شـرۆڤەیی و کیشـوەرییدا فەلسـەفاندن لـە زمانـدا و لـەبارەی زمانـەوە پێگەی یەکەمی هەیە.

بوونی دازاین لە زێدی زماندا گەرەنتی مانەوەیـە لـە تـەك ئەوانیدیکەدا، دازایـن بـە گوتـار و زمـان بـوونی خـۆی دەردەبڕێـت، بـوون-لەگـەڵ-ئەوانیـدی و بـوون-لـەناو-جیهانـدا. "هـەموو گوتارێـك بـاس لـە بابـەتێك دەکـات و بـە شێوەیەکی دیاریکراو زانینمـان لەسـەری دەداتـێ. باسـەکە لەسـەر ئـەو بابەتـە دەبێـت بـە گوتـار. لـە گوتـاردا، کـە راگەیاندنیشە، بابەتەکە بە بوونی دازاینەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەناسرێت و لە رێگەی زمانـەوە دەردەبڕێـت" (هایدێگەر ٢٠١٣، ٣٦٨). هایدێگـەر ئەمـە لـە بـانگکردنی ویژدانـدا دەبێـژێت، بـەڵام بـانگکردن بـە ریزکردنـی وشـە نابێـت و بـە بێـدەنگی دەدوێـت. ئەمـەش وەك ئـەوەی بـانگی ویـژدان لەسـەر زمـان لـە فـۆرمی دوانێکـی بێـدەنگ بنیاتنرابێت و بە بێدەنگ بانگی دازاینی کەوتوو دەکات کە لە خۆ-ی ئەوانی دیکە رزگار بێـت و لەسـەر خـۆ-کـەی خۆی بوەستێت.

زمانی سروشتی زێدی مرۆڤە، مۆدێرنەی خۆرئاوایی بە هۆی تـەکنۆلۆژیا و سـەبژێکتیڤیزمەوە مرۆڤـی لـە زێـدی رەسەنی خۆی نامۆ کردووە. هـەر زێـدێك نەشیاوە تێـك بـدرێت، چـونکە دەسـکاری زێـد نیهلیـزم و هەڵکەنـدن و ئاوارەیی و نامۆبوونێك دێنێتەئاراوە کە مرۆڤ دووچاری قەیران دەکات، ئەمەش بە روونـی بـە مرۆڤـی مـۆدێرنی خۆرئاواییەوە دیارە (خاتـەمی ٢٠١٣، ١٦٧). بـە بـڕوای هایدێگـەر، مرۆڤـی بـێ زێـد دامـاوترین مرۆڤـە، چـونکە لـە پانتایی بووندا شوێنی خۆی لـەکیس داوە، ئەمـەش بـە کاریگـەری دەربڕینێکـی 'هـۆمێر' کـە دەڵێـت "دامـاوترینی مرۆڤەکان ئەو کەسانەن لە پلانەکانی جیهان شوێنێکیان نەبێت" (هەمان، ١٧٣).

زمان بوونێکی تایبەتی هەیە، کە مرۆڤ بەشداریی تێـدادەکات (بـارة، ٢٠٠٨، ٢٢٧). ئـەوەی چـاو لـە بـوون بپۆشـێت ئەوا زێدی خۆی لە دەستداوە، گەڕانـەوە بـۆ بـوون بـە گەڕانـەوە بـۆ زێـدی رەسـەن کـە زمانـە بەدیـدێت، چـونکە مرۆڤی بێ زێد مرۆڤێکە لە جیهان دابڕاوە و بێ ماڵ و مەسکەنە (خاتـەمی ٢٠١٣، ١٧٥). لـە زمـان و بـە زمانـە کـە بوون لەوێ هەیە و لە بوون لە جیهاندا و بوون لەگەڵ ئەوانیدیدا پرسیار دەکات، زمان فەزا و بوونگـەی دازاینـە، بوونی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر رکێفی زمانەوە (ئەحمەدی، ٢٠١٠، ٣٣). بوون لـە زێـدی زمانـدا درەوشـاوە و ئاشـکرایە،

ئەمــەش دەســەڵات و هێــزی زمــان و وشــەکان بەســەر بــوون و دازاینــدا دەردەخــات، کــە وەك بنــەڕەتێك دەبنــە نیشتمانی بوونی مرۆڤ.

## باسی دووەم: گوتن و حەقیقەت

### تەوەری یەکەم: گوتن و بێدەنگی

بۆ تێگەیشتن لە هزری هایدێگەر لەبارەی زمانەوە، پێویستە تێگەی 'فڕێدراوی' تێبگەین. بە بڕوای هایدێگەر مـرۆڤ فڕێدەدرێتـە نێـو جیهانـەوە، هاوکـات فڕێدەدرێتـە نێـو کولتـور و زمانـەوە، بەمـەش بـوون-لـەنێو-جیهانـدا هەروەها واتای بوون-لەنێو-زماندا دەگەیەنێت. لێرەوە هایدێگەر لە کتێبی 'نامەیەك لەبارەی مرۆڤگەرایی - ١٩٤٦' دا دەبێژێت: "زمانماڵی بوونە. مرۆڤ لەو ماڵەدا نیشتەجێیە. هەموو ئەوەی هزرە و هەموو ئەوەشی بە ڕێگەی وشەکانەوە دروستدەبێت پاسەوانی ئەو ماڵەن" (Heidegger, ١٩٩٨, ٢٣٩) و دواتریش لە کتـێبی 'ڕێگەی بـەرەو زمان - ١٩٧١' لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ فێرخوازێکی ژاپۆنی دووبـارە جـەختی لێدەکاتـەوە (Heidegger, ١٩٧١,٥). ئەمەش، هەروەك هایدێگەر پێیوایە "ئەوە دەسەلێنێت کە دیاردەی زمـان ڕەگـی لـە نێـو پێکهاتـەی بوونگەرانـەی دەرخستنەکەی دازایندا داکوتاوە" (هایدێگەر، ٢٠١٣، ٢٣٦).

ئەرکی زمان ئەوەیە شتێك ڕۆشن بکاتەوە لە گوتندا، ئەمەش یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی هزری هایدێگەر. کاتێك کەسێك قسە دەکات دەبێـت وشـەکان بـە ڕۆڵـی وشـەکان هەسـتن. زمـان گوتنـە نـەك گوزارشـت لـە واقیعـی ناخـەکی، هـەروەها زمـان بەیانکردنـە لـە ڕێگـەی وشـەکانەوە، تەنانـەت گـوتنی شـیعریش گواسـتنەوەی واقیعـی ناخەکی نییە بەڵکو بەشدارییە لە جیهاندا. زمان کەشفی قسەکەر ناکات بەڵکو کەشفی بـوون لـە جیهانـدا دەکـات (مصطفي، ٢٠٠٧، ٢٣٨). ئەم تێگەیشتنە لە گوتن و زمان، بوون وەك دیاردەیـەکی زمـانیی ڕاڤـە دەکـات و کارەکـانی دواتـری هایدێگـەر بـە تایبـەت لـە کتـێبی (میتافیزیـك چییە)دا ئەمـە زۆر روون دەردەکـەوێت و لەوێـدا زمـان و وشەکان هێزەکانیان بۆ بەخشین و کەشفی بوون دەردەکەوێت.

هەروەها کتێبی 'ڕێگەیەك بەرەو زمان' (کە پێنج گوتاری لەخۆ گرتووە: دیالۆگێك لەبارەی زمان، سروشتی زمـان، ڕێگەیەك بەرەو زمان، وشەکان و هەروەها زمان لە شیعردا) بە دیالۆگێـك لـە نێـوان ژاپۆنییـەك و پرسـیارکەرێك دەسـت پێـدەکات. لەوێـدا هایدێگـەر دەڵێـت: "ماوەیـەك لەمەبـەر، تـەواو ناڕۆشـن، مـن زمـان-پەیڤـە-م ناونـا مـاڵی بوون..." لەوێدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت کە هەر زمانێکی سروشتی شیمانەی ئـەوەی هەیـە کـە مـاڵ-ێـك بێـت بـۆ بـوون، سـەرەڕای جیاوازییـان (Heidegger ١٩٤٦, ٥). ئێمـەی کـوردیش دەتـوانین زمـانی کـوردی (کـە زمـانێکی سروشتییە) بە پێوەرە هایدێگەرییەکە بکەینە ماڵی بوونی کوردیی، بوونێك کـە خـاوەنی شـوناس و تێگەیشـتن و ڕاڤە و کەشفی حەقیقەتەکانی بێت.

کەواتە دازاین، بۆ مسۆگەرکردنی بوونەکەی، پێویستی بـە زمانـە وەك ماڵێـك و تێیـدا دەگیرسـێتەوە و پەناگـەی لەدایکبوونی مرۆڤە، بە واتایەکی دیکە، دازاین لە زماندا دەگیرسێتەوە. بـەڵام دازایـن پێویسـتی بـە خۆدەربڕینـە، بۆ ئەمەش ''لە گوتندا، دازاین خۆی دەردەبڕێت ' (هەمان، ٢٣٨، هەروەها أحمد، ٢٠١٠، ٢٢٢). بە بڕوای هایدێگەر، شتەکان لـە زمانـدا دەردەکـەون و دەبـن، ئـەرکی جەوهـەریی زمـانیش بریتییـە گوزارشـتی بـوون، بەمـەش مـرۆڤ دەبێت بە گوتن و زمانیش دەبێتە پەناگەی هزر و بوون (احمد، ٢٠٠٨، ٦٥). ئەم ڕۆڵە بنەماییـەی زمـان تـەنها لـە

کـاتی تێگەیشــتن و راڤــە و بــەیانکردن و هەڵدانــەوەی سەرپۆشــە لەســەر بــوون، بـۆ ئەمــەش فینۆمینۆلـۆجی هێرمیونیتیکی دەبێتە میتۆد.

بیستن بناغەیە بۆ گوتن. بیستن و تێگەیشتن پەیوەستن و دازاین ویستی تێگەیشتنی هەیە لەبەرئەوە دەبیستێت. بیستن بریتی نییە لە تەنها واتا هەستەکی وەرگرتنی دەنگ لە گوێچکەکانەوە، بـەڵکو بریتییـە لـە تێگەیشتن لـە گوتن و گوتار و پەیڤ. نەبیستن واتای کەرێتی ناگەیەنێت، بەڵکو بریتییـە لـە تێنەگەیشـتن و نـەبوونی خواسـتی تێگەیشتن (Inwood ١٩٩٩, ٨٦). "توانای قسەکردن و توانای بیسـتن لـە بنەڕەتـدا وەك یـەکن" (هایدێگـەر، ٢٠١١، ١٧٧". کەواتــە بیســتن هــەمان هێــز و دەســەڵاتی گــوتنی هەیــە و بیســتن پێشمەرجێکیشــە بــۆ ژیــان لەگــەڵ ئەوانیدیکەدا، ئێمە دەبێ لە ژینجیهانە پێکەوەییەکەمان لە وتووێژدابین، بۆ ئەمەش دەبێ گوێبیست بین.

بۆ هایدێگەر، زمـان وەك ڕزگارکـەرو فریادڕەسـی مرۆڤـە، هاوکـات وەك ئـامێرێکی ترسـناك، هـەر وەك هایدێگـەر ١٩٤٦دەبێژێت: ''ترسناکترین نیعمەتە '. بە بڕوای هایدیگـەر ''زمـان، هاوکـات داپۆشـەر و ئاشـکراکەری بوونـە ' چونکە بەردەوام لە ڕەوتی دەرکەوتن و پێگەیشتن و بەردەوامی دازایندا بەشداری دەکات، بە شێوەیەك چۆن کات و مێژوو بریتین لە زەمینەی ئۆنتۆلۆجی بۆ دازاین نـەك لـە مـەغزا کلاسـیکییەکەیاندا، ئاوەهـایش زمـان هـەمان زەمینەی ئۆنتۆلۆجی بۆ دازاین مسۆگەر دەکات.

زمان نیعمەتە، چونکە بوونی دازاین مسۆگەر دەکات، بەڵام هاوکات ترسناکە، چونکە هەر ناتەواویـەك لـە زمانـدا دەبێتە مایەی ناتەواوی لە بووندا، بە جۆرێك واتا و جەوهەری شتەکان دەشێوێنێ، لەوەش ترسـناکتر جەوهـەری بـوون دەشـێوێنێ (احمـد، ٢٠٠٨، ٦٦). کەواتــە، بــوون لــە نێــو زمانــدا دەردەکــەوێت و زمــان توانسـتی چـێکردنی پەیوەندی لەگەڵ شتەکاندا هەیە بە شێوازی راستەوخۆ. زمان بـەو نێوەنـدە دادەنـدرێت کـە گیرسانەوەی دازایـن مسۆگەر دەکات، گیرسانەوەیەك بۆ هزر کە لە شوێندا نییە وەك نیشتەجێبوون، بەڵکو گیرسـانەوە یـاخود مانـەوە و ئیقامەیە (Ethos). دازاین بە ڕێگەی زمانەوە ماهیەتی خۆی دەردەخات، هەروەها هزر و ویـژدان و گـوتنیش، بەمەش مرۆڤ تەنها بە ڕێگەی زمانەوە دەهزرێت و دەدوێت و ویژدانیش وەك ئاکتێکی بوون لە نێـو جیهانـدا بـە ڕێگەی گوتن و دەرپینەوەیە، زمانیش وەك هێزی ئاشکراکردن و چەسپاندنی ئامادەگی ویژدانە.

کاتێك بوونی دازاین بـە ڕێگـەی زمانــەوە مسۆگەر دەکرێـت، دازایـن دەکەوێتـە خـۆ دەربـڕین لـە ڕێگـەی گـوتن و گوتـارەوە. گوتـار سـەر بـە جیهانـە، بـوونن-لـەنێو-جیهانـدا بـە ڕێگـەی گوتـارەوە شـیاوی تێگەیشـتنە. هـەبووەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێـت و ئاماژەکـان دەبنـە وشـە، بەمـەش شـتەکان لـە وشـە دەدرێـن و دەخرێنـە نـاو وشـەکانەوە، یاخود لە وشـەدا هەڵدەگیرێن. هەرچـەندە وشـەکان لـە بەرامبـەر ئاماژەکـانن بـەڵام هـەرگیز ئاماژەکـان وشـەکان دروست ناکـەن (هایدێگـەر، ٢٠١٣، ٢٣٧). ئێسـتا زمـان دەبێتـە گوتـار و وشـەکان و گـوتن و گوتـاریش وشـەکان وەك بابـەتی بەردەسـت بەکاردەبـەن. چـونکە گوتـار هەمیشـە ڕوودەکانـە هـەبووەکانی نێـو جیهـان، ئـەو هەبووانـەی فڕێدراونەتە نێو جیهانەوە، ئەوا دازاین دەردەخات و پێکهێنەری بوونەکەیەتی، هەروەها تێگەیشتنی ئێمـەش بـۆ بوون-لەنێو-جیهاندا هەر بە ڕێگەی گوتن و گوتـارەوە شـیاوە. بـەڵام وەنـەبێت کـە هایدێگـەر لەبـەرخاتری گوتن، بیستن لەیادبکات. بەڵکو بـۆ ئـەوە، ''بیسـتن و نـەگوتن ئەگـەرەکانی گوتنن ' (هـەمان، ٢٣٧). هـەروەها ''بیسـتن پێکهاتەی گوتارە ' چونکە ئەگـەر نەبیسـتین تێناگـەین و گوتـاری ڕوون و دروسـتمان نابێـت، کەواتـە ''گوێگرتن شێوازێکی بوونگەرانەی دازاینـە ' (هـەمان، ٢٣٩) بـە تایبـەت لـە پەیوەندیـەکانی دازاینـەوە ئەمـە ڕووندەبێتـەوە، چونکە دازاین لەگەڵ-ئەوانیدی و لەتەك-ئەوانیـدی ژیـان دەکـات، واتـا مانـەوە و گیرسـانەوە لەتـەك شـتەکاندا/لـە

نزیك شتەكانەوە بابەتی بوونە لە نێو جیهاندا. ئەمەش وا دەكات بیستن بۆ دازاین بەر لە گوتن بێت، دەبێ ئەوەش بزانین توانستی گوێگرتن تەنها لە ئەگەری بوونگەرانەی كەسێكدا شیاوە، بەڵام لێرەدا هایدێگەر دوو بابەتی 'زۆر گوتن' و 'زۆر بیستن' دێنێتە نێوانەوە: ''تێگەیشتن لە زۆرگوتن و زۆربیستنەوە پەیدانابێت، ئەوەی تێبگات دەتوانێت ببیستێت ' (هەمان، ٢٤٠).

هەرچەندە، دازاین بوونی خۆی بە گوتار دەردەبڕێت، چونكە خاوەنی زمانە، بەڵام بێدەنگی یەكێكە لە بنەما بوونگەرییەكانی گوتار. ئەمەش لەبەرئەوەی كێشەی تێگەیشتن لە نێواندایە بە تایبەت بۆ دازاین، كەواتە ''ئەوەی بێدەنگە دەیەوێت تێبگات ' (هەمان، ٢٤٠). 'بێدەنگی' بۆ هایدێگەر، لە 'زۆربلێی' ڕەسەنترە، بەڵام بێدەنگییەك كە هۆكاری دەروونیی 'كەمدوویی' نەبێت، بەڵكو بریتی بێت لە هزرین و گوێڕاگرتن و جۆرێك بێت لە گوتن و بوون-لەگەڵ-یەكدی مسۆگەر بكات. هایدێگەر دەبێژێت ''زۆر گوتن لەسەر بابەتێك تێگەیشتن مسۆگەر ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە، زۆرگوتن بابەتەكە دەشارێتەوە...بێدەنگی گەمژەیی نییە، مرۆڤی گەمژە دەتوانێت بدوێت و نەسەلمێنێت، لە كاتێكدا دەتوانێت بێدەنگ بێت...بێدەنگی ڕەسەنانە لەسەر گوتاری دروست دادەمەزرێت ' (هەمان، ٢٤٠). ئەمەش واتای ڕاگەیاندنی گوتار تێگەیشتنی گەرەكە، بۆ گوتنیش كە بە ڕێگەی ڕاگەیاندنی گوتارەوە دەبێت بیستن پێویستە، وەك گوتە بەناوبانگەكەی تراكتاتوس: "ئەوەی ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین، پێویستە لێی بێدەنگ بین" (Wittgenstein, ٢٠٠١, ٨٩).

گوتنی ڕەسەن، بۆ هایدێگەر، لە شیعردا دەردەكەوێت. چونكە زمان تەنها ئامرازی گەیاندن و كۆمەڵایەتیبوون نییە، زمان نەك هەر ئامراز و دەردەست نییە، بەڵكو زمان دەسەڵاتدارە بەسەر ئەوپەڕی توانا باڵاكانی مرۆڤبووندا (هایدێگەر، ٢٠١١، ١٧٥). "ئەگەر ئێمە پەی بەو گەوهەرەی شیعر بەرین لەوەدا، كە بە وشە 'بوون' بنیاتدەنێ" (هەمان، ١٨١). ئەم دەسەڵاتدارێتییەی زمان لە شیعردا بە باشی ڕەنگیداوەتەوە، وەك لە شیعرەكانی هۆڵدەرلین-دا. پێشتریش ئاماژەمان بۆ هێرمیونیتیكی هایدێگەر كرد، شیعریش لەوەدا كە هێزێكی گەورەی هێرمیونیتیكی لەخۆدەگرێت، ئەوا بۆ هایدێگەر دەبێتە گوتنێكی ڕەسەن و بە واتا، چونكە بە بڕوای ئەو یەكەم نیشتمانی شیعر بریتییە لە زمان و لە جەوهەردا لێكدی دەچن و تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری زمان دەبێت لە جەوهەری شیعر تێبگەین كە زمان و گوتنێكی سادە و سەرەتایی و ڕووتە.

### تەوەری دووەم: چەنەبازیی

هایدێگەر دوو ئاست بۆدازاین دیاریدەكات: ڕەسەن و ناڕەسەن، یان بە واتایەكی دیكە حەقیقی و ڕۆژانەیێتی، ئەمەش لەسەر بنەمایەكی ئۆنتۆلۆجی. بوونی ڕەسەن ڕێگە لە مرۆڤ ناگرێت تا لە ژیانی ڕۆژانەیی خۆیدا بژیتو بە ئەركەكانی هەڵسێت، بەڵكو دەتوانێت لەوێوە ڕاستەوخۆ بیكات بە خاڵی دەسپێك بۆ شرۆڤەی بوونە ڕەسەنەكەی. بەڵام لەبەرئەوەی كە مرۆڤ 'شت' نییە، ئەوا ناتوانێت وەك بوونەوەری دیكە لە ژیانی ڕۆژانەییدا بێت و لە 'خۆ'یەكەی خۆی هەڵبێت و بوونێكی ناڕەسەن و لە خۆ ڕاكردووی هەبێت و خۆی لەبیر بچێتەوە، بوونێكی كەوتوو یان بەربۆوەی هەبێت بۆ نێو شتەكان (كامل، ١٩٩٣، ١٩٨). بە بڕوای هایدێگەر، یەكێك لە هۆیەكانی ئەم بەربوونەوە و ناڕەسەنێتییە بریتییە لە چەنەبازی مرۆڤ لە نێو ژیانی ڕۆژانەیێتی حەشاماتدا، كاتێك مەردوم بەسەر هەست و ئاگایی و ڕەفتارە خۆییەكانماندا زاڵدەبێت. ئەمەش دەبێت دازاین نیگەران بكات

سەبارەت بە 'نەبوون'ی و ترسێکی لەلا دروست بکات تا لە نێوان بوونی ڕەسەن و ناڕەسەندا هەڵبژێرێت، کلاوڕۆژنەیەك بۆ ئازادی بدۆزێتەوە، نەك لە خۆی رابکات.

زۆربڵێی بۆ هایدێگەر گوزارشتە لەو قسەکردنەی کە هیچ ناگەیەنێت، چونکە هیچ حەقیقەتێك دەرناخات، ناتوانین بە ڕێگەی زۆربڵێییەوە لەو شتە تێبگەین کە لەبارەیەوە قسە دەکەین، مەگەر تەنها گوێ لە قسە بگرین (ئیمام ٢٠١٥، ٣٦٨). لێرەدا هایدێگەر حەقیقەت لە گەڵ واتادا یەکسان دەکات، (واتە ئەگەر لە فەلسەفەی زمان شرۆڤەییدا زمان و واقیع هاوتا و بەراورد بکرێن)، ئەوا بۆ هایدێگەر زمان دەچێتە کایەی ئۆنتۆلۆجییانە و لەگەڵ حەقیقەتی بووندا دەرگیر دەبێت، بەمەش پێویست دەکات گوتن و پەیف پەردە لەسەر ئەو حەقیقەتە هەڵماڵن.

مرۆڤی ناڕەسەن خاوەن بوونێکی خۆمەندانە نییە، بەڵکو شوێنکەوتەیە و ئەرکی زمان دەشارێتەوە و ناتوانێت بە خۆی کەشفی حەقیقەت بکات. مرۆڤی نارەسەن زۆربڵێیە و کرچ و کاڵ دەردەبڕێت، توانستی تێگەیشتنی نییە و بە مەزاجی ژیانی رۆژانە بەڕێوە دەچێت (کەمال a٢٠٠٧، ٩٥). ئەمەش مرۆڤێکی خۆنەناس و نامۆ بە خۆ دروستدەکات کە پەردەی لەسەر بوونی خۆی هەڵنەداتەوە و بوون-ی خۆی نەکردووە بە کێشەیەك بۆ خۆناسین، واتا هیچ دەنگێکی ویژدانی بانگەوازی لێناکات و ئەویش نایبیستێت تا بێداری بکاتەوە، مرۆڤێك لە ناو فرێدراویی و کەوتوویییەکەیدا دەمێنێتەوە بە بێ ئاگامەندیی.

بوونی نارەسەن و بە-خۆ-نامۆی نێو ژیانی رۆژانە، خاوەنی پرۆژەی خۆمەندانە نییە. بوونێکە وەك ئەوانی دی بیردەکاتەوە و شوێنکەوتەیە، زمان و تێگەیشتن لای ئەو نەرێنین، زمان وەك (گوتنی لەکارکەوتوو)ەو گەڕان بە شوێن حەقیقەتیشدا (خۆتێهەڵقورتاندن)ـە و تێگەیشتنیش (ئالۆزی)ـە. نارەسەنەکان وەك یەك بیردەکەنەوە و وشەکان بەکاردێنن بە بێ ئەوەی تێبگەن و بزانن، هەروەها لە جیاتی ئەوەی بە شوێن حەقیقەتدا بگەڕێن ئەوا خۆیان تێهەڵدەقورتێنن و حەقیقەتێك نالێن و کەشف ناکەن بەڵکو گوتنەکەیان لەکارکەوتووە، زمانیان دووچاری لاسایی و ئالۆزی لە تێگەیشتنیان دەکاتەوە (کەمال، ١٠٨-١٠٩). کەواتە ئەو زمانەی کە مەردوم وەك ئامرازێك لە ژیانی رۆژانەدا بەکاری دێنێت، ئەو زمانە نییە کە هایدێگەر مەبەستییەتی بیکاتە فوندەمێنتی بوون.

بوونی رەسەن خاوەن ئازادی و ئیختیار و بەرپرسیارێتییە، هەرچەندە لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ئەوانیدیکەدا، بەڵام مۆرکە خۆییەکانی خۆی بزرناکات و جیاوازە، هەرچەندە مەردوم و حەشامات ئەو جیاوازییە پەسەند ناکەن، دەبێ دازاین ئەو جیاوازییە تەحەمول بکات و ماڵی بوونەکەی خۆی وێران نەکات (ماکواری، ٢٠٠٧، ١٨٥). بەڵام مرۆڤی کەوتوو بۆ نێو قەڵەمڕەوی عەوام دەبێتە مرۆڤێکی داگیرکراو دژ بە ویستی خۆ، چونکە عەوامبازاڕیی داپۆشەر و دکتاتۆرییانەیە، لەبەرئەوە زمانیش دەکەوێتە خزمەتی پەیوەندییەکانەوە بە درێژایی رێگەبڕینە هاوبەشەکەیان و بە شتکردن لە پێناو هاوڕابوون لەسەر شتێك لەلایەن هەمووانەوە روودەدات و ڕێچکە و سنوورەکان لەبیر دەکرێن تا مرۆڤ خۆی بێت. بەمشێوەیە زمان دەکەوێتە ژێر دکتاتۆریەتی قەڵەمڕەوی گشتی (دەسەڵاتی عەوام) کە پێشتر بڕیاردەدات چی روون و واتادارە و چی بێواتایە، چی دەربخرێت و چی داپۆشرێت (Heidegger ١٩٩٨, ٢٤٢). چونکە کاتێك مرۆڤ شوێن گوتن و بۆچوونی کەسانی دیکە دەکەوێت رێگەی پێنادرێت لەگەڵ خۆی دڵسۆزبێت (هایدێگەر، ٢٠١٣، ٢٥١). پشتبەستن بە کەسانی دیکە (داسمان – das man) لە ژیانی هاوبەشی رۆژانەدا، خۆ-لەدەستدانی لێدەکەوێتەوە، چونکە مەردوم داوای هاوئاستی دەکەن و تایبەتمەندییە کەسییەکان دەسڕنەوە، بەمەش مومارەسەی دکتاتۆریەت دەکەن لەژیانی گشتیی کراوەدا، کە هیچ

کامێکیان بەرپرسیارێتی هەڵناگرن و داوای بەرپرسیارێتی هاوبەش دەکەن، مەردوم شێوازێکی درۆینەی بوونە، کە مەردوم کەس نییە و کەسیش خۆی نییە (جولیفیە، ١٩٨٨، ٧٤-٧٥). لەبەرئەوە تاك دەبێت لەو فرێدراوییە بۆ نێو مەردوم بە ڕێگەی بانگی ویژدان و نیگەرانی ترسەوە هەڵسێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ خۆ-یەکەی، ئەگەرنا بەردەبێتەوە نێو ئەوانیدیکە و خۆ-یەکەی لەدەستدەدات.

مەردوم یان دەکرێ بڵێین 'حەشامات یان ئەوان'، هەمیشە دەیەوێت لە ژیانی گشتییەوە زاڵ بێت بەسەر تاکەکانیدا و مۆرکەکانیان بسڕێتەوە، دژ بە ئازادی و ئیختیار و بەرپرسیارێتی تاکەکانە، دەیەوێت ئاستی نێوەند و هاوئاستی دابین بکات (ماکواری، ٢٠٠٧، ١٨٣). 'کەوتن' بەرەو هەڵدێر و گیرسانەوە لە نێو بوونێکی نارەسەنی لە بناغەبەدەری (ئەوان)دا بەردەوام ئەگەری تێگەیشتنی رەسەنانە لە پرۆژەکان لەناودەبات (...) و بەردەوام لە ئاست رەسەنییەتی خۆیدا هەست بە شەرمەزاری دەکات (هایدێگەر، ٢٠١٣، ٢٥٧). چونکە بەربوونەوە بۆ ناو ئەوان، دەبێتە بە خۆ نامۆیی، ئەم خۆلەدەستدانە هاوکات گوتنێك دەخاتەوە کە رەسەن نییە و سەر بە ئەوانە، لە دۆخێکدایە کە لە کارکەوتووە و خۆتێهەڵقورتاندن و چەنەلێدان دێنێتە ئاراوە، بە کورتی دەکرێ بگوترێت کە مرۆڤی بەربۆوە بۆنێو عەوام و مەردوم هاوکات چەنەبازیشە.

بەربوونەوە بۆ نێو مەردوم و ژیانی رۆژانە، یەکێکە لە شیمانەکانی دازاین، لە رۆژانەێتیدا مرۆڤ دووچاری چەنەلێدانی رۆژانە و خۆتێهەڵقورتاندن و هاوئاستی دەبێتەوە (جولیفیە، ١٩٨٨، ٨٠). چەنەبازیی (لۆغە) دیوە ترسناکەکەی زمانە، چونکە بۆ هایدێگەر زمان ترسناکترین نیعمەتە، هایدێگەر لە کتێبی 'میتافیزیك چییە؟'دا و لە بەشی (هۆڵدەرلین و گەوهەری شیعر)دا، هەر لەسەرەتاوە بە پێنج وشەی دروشمی دەست پێدەکات و لەوێدا پێیوایە کە ترسناکترین نیعمەتێك کە بە مرۆڤ درابێت ئەوا زمانە (هایدێگەر، ٢٠١١، ١٦٨) هەروەها هەر لەوێدا زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە و دەڵێت "زمان چاکترینی مەترسیەکانە" و "چاکترین و ترسناکترین بەهرە زمانە" و "زمان ترسناکترینی هەموو ترسناکییەکانە" (هەمان، ١٧٢-١٧٣). ئاخر ئەو مەترسییە بریتییە لە هەڕەشەی بوونەوەر لە بوون، یان بە گوتنێکی دیکە هەژمارکردنی بوونە وەك بوونەوەر و داپۆشینی حەقیقەت و گوتنی ناحەقیقەت و چەنەبازییە، ئەمەش یەکێکە لە هەڵە گەورەکانی فەیلەسوفان لە ئەرستۆوە کە نەیانتوانیوە بابەتی بوون و بوونەوەر لێکدی جیابکەنەوە.

ئیدی زمان ترسناکترینی سەرجەم ترسناکەکانە، چونکە بە دروستکردنی مەترسی دەستپێدەکات. ترسناکی ئەو هەڕەشەیەیە کە هەبوویەك (بوونەوەرێك) بۆ هەبوویەك هەڵیگرتووە. بە هۆی زمانەوە مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە خۆی موعەرەزی ئاشکرابوونە، ئەم ئاشکرابوونەش گەمارۆی دەدات و لە ئێستابوونیدا دەیگرێت، وەك ئەوەی بوونەوەرێکی لە دۆخێکی خراپدا کەشفکردووە کە دەبێ خۆی لێ رزگار بکات (سبیلا و العالی، ٢٠٠٥، ١٧). دازاین کاتێك بە ڕێگەی زمانەوە بۆی کەشف دەبێت کە کێیە و چۆنە، لەبەرئەوە دەبێت خۆی قوتار بکات و خۆی بخاتەوە بەردەم خۆی تا بیکاتە پرۆژەیەك لە ئێستاوە بۆ ئایندە، بەڵام چەنەبازەکان ناتوانن ئەو حەقیقەتە لەبارەی خۆیانەوە کەشف بکەن و لە بوونێکی رۆژانەییدا دەژین.

زمان تەنها ترسناك نییە، بەڵکو لە-خۆیدا و بۆ-خۆی بە زەرورەت مەترسییەکی بەردەوامی شاردۆتەوە. ئەرکی زمان ئەوەیە لە هەبوویەکدا بوونێك ئاشکرابکات لەکاتی کردەیەکدا. زمان دەتوانێ رووکارێکی ناجەوهەری و درۆزنانە نمایش بکات و هاوکات دەتوانێ جەوهەرێك بەیان بکات. هەروەها زمان دەتوانێ دەربڕێ (نفسە، ١٨).

گەیشـتن بـە زمـان گەیشـتنە بـە جیهـان، گەیشـتن بـە جیهـان گەیشـتنە بـە مێـژوو. بـەڵام زمـان نیعمەتـە، دەمانگەیەنێتـە رەسـەنێتی و هاوکـات گـەرەنتی ئـەم جیهـان و مێـژووەمان  بـۆ دەکـات، کـە مـرۆڤ بوونـەوەرێکی مێژووییە (نفسه، ١٩).

## دەرەنجام

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، سەبارەت بە پەیوەنـدی نێـوان 'زمـان و بـوون' لـەلای هایدیگـەر، گەیشـتین بـە هەنـدێ ئەنجام کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- "زمانی بوون" لە لای هایدیگەر جیاوازە لە "زمانی لۆجیکی"، بەوەی کە زمـانی لـۆجیکی ئـەو زمانەیـە کە روو دەکاتە شتەکانی جیهانی دەرەوەی مرۆڤەکان و تەنها گرنگی بـە بـەهاکانی دەدا لـە شـێوەی بڕیـار بەسـەر دادانـدا، بـەڵام "زمـانی بـوون" رووە و نـاوەوەی مرۆڤـەکان هـەنگاو دەنێـت و ئەرکیشی بریتیـە لـە کەشـفکردنی حەقیقەتی بوون و دەرخستنی.

٢- لای هایدیگەر "زمان" ئامراز نییە، تا بە ویستی خۆمان بەکاری بهێنین، یـان تـەنها ئـامرازی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتی نیە، بەڵکو زمان بریتیـە لـە "دیـالۆگ" لـە نێـوان دازایـن و ئـەوانی دیکـەدا، چـونکە زمـان بـەردەوام ئاراستەی کەسەکان دەکرێتەوە و حەقیقەتیان کەشف دەکات، زمان ئەوە دەردەخات کە ئەوەیە و حەقیقەتە.

٣- زمان بناغەیەکی ئونتۆلۆجیە بۆ بوونی دازاین، دازاینیش لە رێگای زمانەوە ماهیەتی خۆی دەردەخات و زمانیش  جەوهەری بوونە. هەروەها بوون بریتیە لە بناغـە و بنـەرەتی ئاگـایی و زانـین و دەکەوێتـە پـێش هـەر جەوهەرێکی میتافیزیکییەوە.

٤- فینۆمینۆلۆجی، بۆ هایدیگەر وەك میتۆدیك، بریتیە لە کەشفکردن و رۆشـنکردنەوەی بـوونی مـرۆڤ لـە ناو "کات و شوێندا" وەك هەبوویەکی مێژوویی و حـەقیقی و گـۆڕاو، بـەڵام فینۆمینۆلۆجییەکـەی هایدیگـەر بـە هاوکاری هێرمیونیتیك دەیەوێت لە دازاین تێبگـات و راڤـەی بکـات وەك ئـەو فاکتیسـێتییەی کـە هەیـە، نـەك بـە شوێن جەوهەرێکی باڵا و نەگۆڕدا بگەڕێت.

٥- مرۆڤ بە لەدەستدانی زێدی خۆی، کە "زمانە"، ئـەوا دەکەوێتـە جیهـانیکی نـامۆوەو لـە بـوونی رەسـەنی خۆی ئاوارە دەبێت و دەبێتە مرۆڤێکی ناڕەسەن و "چەنەباز"، کـە گوتنـە لەکارکـەوتووەکانی هـیچ حەقیقـەتێك ئاشکرا ناکـەن و ئـاڵۆزی و ناتێگەیشـتن دەخەنـەوە و شـوێنکەوتەی حەشـامات دەبێـت، چـونکە مـرۆڤ لـە رێگـای زمانەوە دەتوانێ بەشدار بێت لە بوون، هەروەها بەرەو خۆ و بوونی حەقیقی ئاراستە بگرێت.

٦- زمان وەك ماڵی بوون ئەرکی بریتیە لە گوتن و دەربـڕین بـۆ بـەیانکردنی دازایـن لـە رێگـای وشـەکانەوە، چونکە زمانە لە دواجاردا مرۆڤەکان رزگار دەکات لە نامۆبوون لە رێگـای گـوتنی حەقیقەتـەوە بـە شـێوەی گوتـار بێت یان بێدەنگی. ئەمەش هێز و دەسەڵاتی مەزنی زمان و وشەکانمان بۆ دەردەخـات بـۆ بـوون و شـتەکان و واتـا پێدانیان.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:


١. هایدێگەر، مارتن (٢٠١٣): بوون و کات، و. د. محمد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢. هایدێگەر، مارتین (٢٠١١): میتافیزیك چییە؟، و. د. حەمید عەزیز، چ١، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٣. ئیمام، عەبدولفەتاح ئیمام (٢٠١٥): دەروازەیەك بۆ میتافیزیکا، و. هۆشمەن جەلال، چ١، غەزەلنووس.

٤. تەها، خالید عوسمان (٢٠٠٦). (وەرگێڕان): بوونگەرایی فەلسەفەی واقیعی مرۆڤایەتی، چ١، سەنتەری روناکبیری هەتاو، هەولێر.

٥. جەلال، کاوە (٢٠١٢): لەبارەی مارتین هایدێگەر، بلاوکراوەی گۆڤاری کۆنسێپت.

٦. خاتەمی، پ.د. مەحمود (٢٠١٣): سەرەتاکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، و. سەعید کاکی، چ١، ئاوێر، هەولێر.

٧. سارتەر، ژان پۆڵ (٢٠١١): بوون و نەبوون، و. د. محمد کەمال، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. کۆمەڵێك نووسەر (٢٠٠٧): چەند وێستگەیەك لە جیاوازییە فیکرییەکان، و. رێبوار حەمە تۆفیق، بڕوانە گوتاری (ماکواری، جۆن: شیکردنەوەی بوونگەری)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. کۆمەڵێك نووسەر (٢٠٠٨): مارتن هایدگەر، و. ئیسماعیل کوردە، چ٢، بڕوانە گوتاری (میشێل هار: هایدگەر و شیعر)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٠. کەمال، د. محمد (b٢٠٠٧): هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١١. کەمال، د. محمد (؟): فینۆمینۆلۆجی، لە بلاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ، چاپخانەی بینایی.

١٢. کەمال، د. محمد (٢٠٠٤): بوون و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣. کەمال، د. محمد (٢٠٠٥): نیهلیزم و رەهەندەکانی بیردکردنەوە، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤. کەمال، د. محمد (a٢٠٠٧): ئۆنتۆلۆجی و بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، سپیرێز، دهۆك.

١٥. ماکواری، جۆن (٢٠٠٧): فەلسەفەی بوونگەرایی، و. ئازاد بەرزنجی، چ٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٦. نیکفەر، رەزا (٢٠٠٧): پێکهاتە و هێرمۆنۆتیك، و. ئیسماعیل زارعی، چ١، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر.

١٧. ئەحمەدی، بابەك (٢٠١٠): ئەفراندن و ئازادی — باستەوەرەکانی هێرمێنۆتیك و جوانیناسی، و. مەسعود بابایی، ب٢، چ١، دەزگای موکریانی، هەولێر.


### بە زمانی عەرەبی:


١٨. احمد، ابراهيم (٢٠٠٨): انطولوجيا اللغة عند مارتن هيدجر، منشورات الاختلاف.

١٩. احمد، مخلوف سيد (٢٠١٠) (اعداد و تقديم): اللغة والمعنى مقاربات في فلسفة اللغة، ط١، منشورات الاختلاف، الجزائر.

٢٠. بارة، عبدالغني (٢٠٠٨): الهرمينوطيقا والفلسفة نحو مشروع عقل تأويلي، ط١، منشورات الاختلاف و الدار العربية للعلوم الناشرون، بيروت.

٢١. بغورة، د. الزواوي (٢٠٠٥): الفلسفة واللغة (نقد المنعطف اللغوي في الفلسفة العاصرة)، ط١، دار الطليعة، بيروت.

٢٢. بن تومي، اليامين (٢٠١٣): فلسفة اللغة – قراة في المنعطفات والحدثيات الكبري، تاليف مجموعة من الاكاديمين العرب، ط١، دار الروافد الثقافية – ناشرون، الجزائر.

٢٣. جوليفية، ريجيس (١٩٨٨): المذاهب الوجودية من كيركجورد الي جان بول سارتر، ت. فؤاد كامل، ط١، دار الاداب، بيروت.

٢٤. داستور، فرانسواز (٢٠٠٢): والسؤال عن الزمان، ترجمة د. سامي إبراهيم، ط٢، مجد، بيروت.

٢٥. م.روزنتال و ب.يودين (٢٠٠٦): الموسوعة الفلسفية، ت. سمير كرم، ط٢، دار الطليعة، بيروت.

٢٦. سبيلا و العالي، محمد و عبدالسلام بنعبد (إعداد و ترجمة) (٢٠٠٥): اللغة، ط٤، دار توبقال للنشر، المغرب.

٢٧. سليمان، د. جمال محمد احمد (٢٠٠٩): مارتن هيدجر الوجود والموجود، دار التنوير، بيروت.

٢٨. صليبا، د. جميل (١٣٨٥): المعجم الفلسفي، ج٢، منشورات ذوي القربي، قم، ايران.

٢٩. كامل، فؤاد (١٩٩٣): أعلام الفكر الفلسفي المعاصر، ط١، دار الجيل، بيروت.

٣٠. مصطفي، د. عادل (٢٠٠٧): فهم الفهم مدخل الي الهيرمنيوطيقا – نظرية التاويل من أفلاطون الي جادامر، رؤية للنشر والتوزيع.

٣١. مهنانة، د. اسماعيل (اشراف و تحرير): من الكينونة الي الأثر هايدغر في مناظرة عصره، تأليف مجموعة من الأكاديميين العرب، بحث لـ د. أحمد إبراهيم (اللغة الأصيلة في فلسفة هايدغر الأنطولوجية)، ط١، منشورات إبن نديم و دار الروافد الثقافية، الجزائر.

**به زمانی فارسی:**

٣٢. ريختهگران، محمد رضا (١٣٧٨): منطق و مبحث علم هرمنوتيك – اصول و مبانی تفسير، نشر كنگره، تهران.

٣٣. موسوی، سيد محمد (١٣٨٤): هيرمنوتيك، پيش زمينهها و تحولات ان، فصلنامه علمی-پژوهشی دانشگاه قم، سال هفتم، شماره دوم، زمستان.

**به زمانی ئینگلیزی:**

٣٤. Heidegger, Martin (١٩٧١). On the Way to Language. Translated by Peter D. Hertz. Harper & Row Publishers. New York.

٣٥. Heidegger, Martin (١٩٩٨). Pathamarks. (Edit.) William McNeil. Letter on Humanism. Translated by Frank A. Capuzzi. Cambridge University Press .

٣٦. Audi, Robert (١٩٩٩). The Cambridge Dictionary of Philosophy. ٢nd Edition. Cambridge University Press. UK .

٣٧. Inwood, Michael (١٩٩٩). A Heidegger Dictionary. The Blackwell Philosopher Dictionaries. Blackwell.

٣٨. Lacey A.R. (١٩٩٦). A Dictionary of Philosophy. ٣rd ed. Routledge. London.

٣٩. Jonathan Ree & J.O. Urmson (١٩٩١). The Concise of Encyclopedia of Western Philosophy & Philosophers. Unwin Hyman. London.

٤٠. Wittgenstein, Ludwig (٢٠٠١). Tractatus Logico- Philosophicus. Routledge. UK.

**ئینتەرنێت:**

٤١. Heidegger, Martin: Hegel and the Greeks.
http://www.morec.com/hegelgre.htm} Accessed: Jan ٤th ٢٠١٦, ٢٢.٠٠ p.m.}.

# اللغة والوجود في فلسفة هيدغر

## ملخص البحث

تعتبر اللغة في فلسفة هيدغر مأوى الوجود والمقرَ لأقامة الإنسان، على الرغم من أنه لا يوافق مع الفلاسفةِ التحلىل وكذلك اللغويين في كيفيّة الفهم لِلّغة؛ بل اللغةُ عِنده عبارة عن إثبات الوجود وهي أصل من أصول دازاين. ومِن الجدير بالذكر أنَ اللغة في فلسفة هىدغر ليست ما تعرض خلال القواعد وقوانين التكلّم الّتي أشغلت أذهان كثيرٍ من اللغويين؛ بل هي قادرة على إيجاد مأوى لدازاين بحيث تضمن له احتماليات الوجود، وبالتالي تكون اللّغة أعمقُ بكثير مِن أنَ اللغوي هو القادر الوحيد على فهمها. فلذلك يغوص هىدغر أعماق ظاهرة اللّغة لكي يطرح المشكلة عن طريق التأويل ويجعلها مفتوحةً.

هذا البحث يحاول أن يدرسَ وجوديّة هيدغر مِن خلال العلاقة الموجودة بين اللّغة والوجود؛ وذلك لكي نعرف كيف هو يضمن الوجود عن طريق اللّغة، وكيف يستعين بالأساليب الفينومينولوجية التأويلية في فهم دازاين وكيفيّة تحليله. كما يتطرق البحث إلى تناول دور الأونتولوجي للّغة في إعطاء الوجود، وكيف تظهر حقيقته لدازاين أثناء التكلّم. وكذلك أنَ الدّراسة تؤكّد على أنَ اللّغة مِن النِعم الأكثر خطورة الّتي وُهبت للإنسان، ومِن أين تصبح أحسن النّعم؟ والقصد في ذلك الأخطار الكبيرة الّتي تحيط بالوجود وتجعل النعمَ مفتوحةً.

# Language and being in the philosophy of Heidegger


## Abstract

Language, in the philosophy of Heidegger, is considered as a shelter and also as a place of residence for human being, although he does not agree with the circle of analytic philosophers and linguists in the sense of how language is understood. But, for Heidegger language is a proof of existence and is the origin of the assets of Dasein. It is worth mentioning that language in the philosophy of Heidegger, is not what it works by the rules and laws of talk that preoccupied the minds of many linguists; it is an ability to find a shelter for Dasein so as to guarantee him the probability of his\her existence. Thus the language is much deeper than that language is the only one who can understand, therefore, going into the depths of the phenomenon of language by Heidegger in order to address the issue by Hermeneutics.

This paper attempts to study the existential Heidegger through the relationship between language and existence; In order to know how existence is guaranteed by the language, and how it uses methods of hermeneutic phenomenology in understanding Dasein and how it is analyzed. The paper also deals with the Ontological role of language in giving existence, and how the truth is shown for Dasein via speaking. The study also confirms that the language of the most dangerous elegances is endowed to human, and where it becomes a better elegance, the intent of big dangers that surround existence and make elegance open.